گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue3 2024
ID No. 1477 (PP 18-39)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.3.2

توێژینەوە

# پەسنکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە زمانی کوردیدا

**ئیمان ئەسکەندەر جەوهەر** / بەشی کوردی،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

**میدیا مراد محمدامین/** بەشی کوردی،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

**پوختە**

فەرهەنگ تۆمارگە و گەنجینەی وشە و ڕستەکانی زمانە، هەموو زمانێک پێویستە فەرهەنگی هەبێت، تا وشەکانی دوچاری فەوتان نەبێت. ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی زانیاری لە بارەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی کوردییەوە،

توێژینەوەکە بەسەر دوو تەوەر دابەشبووە:

تەوەری یەکەم: ئەم تەوەرە تیۆرییە لەسەر فەرهەنگ، کە لە چەند بابەتێک پێکهاتووە لەبارەی چەمک و پێناسەی فەرهەنگ و بەشێوەیەکی گشتی زانیاری لەبارەی فەرهەنگ، مێژووی فەرهەنگ کە لە سەرەتادا باس لە فەرهەنگ دەکەین کە کەی لە جیهان و دواتر کەی لە لای کورد سەریهەڵداوە و ئەو فەرهەنگانەشی کە سەرەتا دانراون لەلایەن کێیەوە بوون. فەرهەنگنووسی و جۆرەکانی فەرهەنگ خراوەتەڕوو کە هەر زمانێک چەندین جۆر فەرهەنگی هەیە، چونکە لە هەموو بوارەکانی ژیان فەرهەنگ دانراوە، وەک فەرهەنگی (گشتی، تایبەتی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زمانەوانی، ئەدەبی، پزیشکی ...تاد) بەگشتی جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە دابەشکراوە، کە ئەوانیش چەندین جۆری تر دەگرنەخۆیان.

تەوەری دووەم: ئەم تەوەرەش بۆ تیشکخستنە سەر فەرهەنگی ئەلیکترۆنی تەرخانکراوە، بەشێوەیەکی تایبەت تیشکخراوەتە سەر هەموو ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانەی زمانی کوردیان تێدایە و بەردەستن بۆ گشت بەکارهێنەران توانیمان بۆ باسەکەمان کۆیان بکەینەوە و تا کۆتایی ٢٠٢٣ دواتر زانیاریان لەسەر بدەین و بە کورتەیەکی چڕ باسیان لێوەبکەین. لەدواییدا تایبەتمەندی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی کوردی بەدەستبخەین.

لەکۆتاییشدا: ئەنجام و پێشنیازەکان بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو، دواتر سەرچاوەکان دانراون.

CORRESPONDENCE
**میدیا مراد حمدامین**
media.muhammadamin@su.edu.krd

| | |
|---|---|
| وەرگرتن | 2024/09/03 |
| پەسندکردن | 2024/03/04 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/06/15 |

**وشە سەرەکییەکان:**
فەرهەنگناسی،
فەرهەنگسازی،
فەرهەنگی کاغەز،
فەرهەنگی ئەلیکترۆنی،
تایبەتمەندی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی کوردی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**١.پێشەکی :**

ئەم توێژینەوەیە (پەسنکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە زمانی کوردیدا) هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی، بە تایبەتی تیشکخراوەتەسەر ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنیانەی لەناو زمانی کوردی دەرکەوتوون دوای پەیدابوونی ئینتەرنێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی دەمێکە نەک لە ناو زمانی کوردیدا دانراوە، بەڵکو بۆ زۆربەی زمانانی جیهانیش دەستپێکراوە، فەرهەنگی ئەلیکترۆنیش هەروەک فەرهەنگی کاغەز هۆکارە بۆ پاراستنی وشە و ڕستەکانی زمان و زانیاری لەبارەیانەوە تۆمارکراوە و جارێکی تر دەتوانرێت ئەو زانیارییانە لەو فەرهەنگانەوە وەربگیرێتەوە و بەکاربهێنرێنەوە، ئەو فەرهەنگانە ڕۆڵێکی کارایان بۆ فێربوونی زمانی دووەمیش هەیە ، ئێمەش بە پێویستمان زانی، کە توێژینەوەیەک لە بارەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بکەین، وەک خزمەتێکی بچووک بۆ فەرهەنگی زمانەکەمان.

هەروەها تا ئێستا داتا و زانیاری و تۆمارێکی ئەوتۆ نییە لەسەر هەموو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان کە لە زمانی کوردی دا بەرهەمهێنراون و بەردەوامن لەدەرکەوتن.

**١.١ گرفتی توێژەر:**

بێگومان هیچ لێکۆلینەوەیەک بێ گرفت نییە، جا گرفتی زۆر یان کەم بێت، لەوانە:

١. گرفتی یەکەممان ڕێژەی زۆری فەرهەنگە ئەلیکترۆنیەکان بوو، چونکە بەرلەوەی دەست بە تویژینەوەکە بکەین وا گومانمان بردبوو کە ژمارەی فەرهەنگە ئەلیکترۆنیەکانی زمانی کوردی لە پەنجەی دەست تێپەڕناکات، چونکە هیچ سەرچاوەیەکمان لەبەردەست نەبوو ئاماری بۆ ئەنجام دابن و زانیاری لەسەر بڵاوکردبنەوە، کەچی دوای گەڕانێکی وردی هەردووکمان تا (٦٣) فەرهەنگ ڕۆیشت.

٣. گرفتی دووەممان فەرهەنگە ئەلیکترۆنیەکان هەیانە ڕوکاری دەرەوەی – بەرلەوەی بچیتە ناو ئەپلیکەیشنەکە - بەپێی جۆری مۆبایل و نوێکردنەوەی ئەپلیکەیشنەکە دەگۆڕێ. هەروەک چۆن لە فەرهەنگی کاغەزدا لەکاتی چاپکردنەوەدا بەرگەکەی گۆڕانی بەسەردادێت، بۆیە ئێمە زیاتر پشتمان بە (ناوی فەرهەنگ، دانەر، ساڵ) دەبەست بۆ دڵنیابوونەوە و دووبارەنەبوونەوەی فەرهەنگ لەناو تویژینەوەکەماندا.

**٢.١ گرفتی توێژینەوە:**

گیروگرفتی تویژینەوەکە بریتییە لە کۆکردنەوە و وەسفکردنی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانی زمانی کوردی و تاوتوێکردنیان و دەرختنی تایبەتمەندییان.

**٣.١ گرنگی توێژینەوە:**

ئەم تویژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ کۆکردنەوەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە زمانی کوردیدا و خستنەڕووی زانیاری لەسەریان، فەرهەنگ پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، چونکە زمان پێویستی بە پاراستنە، پێویستە وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی زمان تۆماربکرێن، بۆ ئەوەی لە لەناوچوون ڕزگاریان بێت، هەر زمانێک گەر فەرهەنگی نەبێت بەتێپەربوونی کات وشەکانی لە بیردەچنەوە و لەناودەچن.

هەر کۆمەڵگایەک زمانی خۆی هەیە، خاوەنی یاسا و ڕێسای خۆیەتی، لەڕێگەی فەرهەنگی هەر زمانێکەوە دەتوانین پێیان بگەین. هەر کاتێک زمانێک فەرهەنگی بۆ دانرابێ، وشە و دەستەواژە و ڕستەکانیان لە لەناوچوون ڕزگاریان بووە پارێزراوتر بوون، فەرهەنگ بەو ڕادەیە پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، ئەگەر لە زمانێکدا نەبێت، ئەو زمانە پارێزراو نابێت.

لەمانەشەوە گرنگی ئەم توێژینەوە خۆی لەمەدا دەبینێتەوە، کە دەبێتە بناغە و سەرچاوەیەکی زانیاری لەبارەی ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانەی لە ناو زمانی کوردیدا دەرکەوتوون کە ئەم فەرهەنگانە بەلایەنی کەم یەکێک لە زمانەکانی کوردییە، کە پوختەیەک لەسەر هەر یەکە لەم فەرهەنگانە خراوەنەتە ڕوو، لە کاتێکدا تاوەکو ئێستا لە ڕووی باس لێکردن و توێژینەوە لەسەریان نەکراوە و ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە.

**٤.١ ئامانجی توێژینەوە:**

پەسنکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە زمانی کوردیدا و دەرخستنی تایبەتمەندی ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییە بەردەستانەی کە زمانی کوردی تێدایە.

**٥.١ سنووری توێژینەوە:**

1. سنووری بابەتی: فەرهەنگنووسییە.
2. سنووری کاتی: ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانەی کە لە ساڵی ٢٠٢٣ بەردەست بوون.
3. سنووری شوێنی: فەرهەنگی ئەلیکترۆنی ناو مۆبایل.

**٦.١.میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی پەیڕەوکراو لەم توێژینەوەیەدا (وەسفی – شیکاری)یە، میتۆدی وەسفی پەیرەوکراوە بۆ ناساندنی فەرهەنگ بەشێوەیەکی تیۆریی، میتۆدی شیکاری بۆ : زانیاری لە بارەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی، باسکردنی فەرهەنگ ئەلیکترۆنییەکان.

**٧.١.پێکهاتەی ناوەرۆکی تویژینەوەکە:**

ئەم تویژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو تەوەری سەرەکی پیکهاتووە، هەر تەوەرێکیش چەند بابەتێکی گرنگی سەبارەت بە فەرهەنگ لەخۆگرتووە.

**تەوەری یەکەم:** کۆمەڵە بابەتێکی لەخۆگرتووە، بەشێوەیەکی تیۆری بۆ خستنە ڕووی زانیاری لەبارەی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسی و مێژووی فەرهەنگ لە جیهان و لەلای کورد و هۆکارەکانی دانانی فەرهەنگ و جۆرەکانی فەرهەنگ.

**تەوەری دووەم:** بە شێوەیەکی تایبەتی باس لە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی دەکەین، هەروەها لەسەر فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان دەدوێن و جیاوازی لە نێوان فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و فەرهەنگی کاغەز دەکەین، ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانەی بەردەستبوون تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ ، هی ئەو ماوەیەمان کۆکردونەتەوە و زانیاری زۆر گرنگ و پێویستمان لەبارەیانەوە داوە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی زۆر گرنگمان لێ دەستنیشانکردوون.

لە کۆتایشدا: چەند پێشنیازێک لەگەڵ ئەنجامەکاندا ، لیستی ئەو سەرچاوانەی سوودمان لێوەرگرتوون و بەکارهاتوون خراونەتەڕوو.

**٢. سەرەتایەکی تیۆریی لە بارەی فەرهەنگەوە:**

**١.٢. کورتەیەک لەبارەی فەرهەنگنووسییەوە:**

فەرهەنگنووسی دەکەوێتە چوارچێوەی زمانەوانیی کارەکی و بناغەیەکە بۆ دانان و نوسینی فەرهەنگ، لە فەرهەنگنووسی کۆمەڵێک زانیاری لەسەر وشەکان کۆدەکرێتەوە و دواتر هەڵدەچندرێن.

فەرهەنگنووسی دوو لایەنی هەیە، کە فەرهەنگناسی و فەرهەنگسازییە، بۆیە سەرەتا دەبێت بەشێوەیەکی گشتی ئەم دوو چەمک و زاراوەیە ڕوونبکەینەوە فەرهەنگسازی و فەرهەنگناسی، زۆربەی زانایان بەیەک شتیان دادەنێن و زۆرجار تێکەڵاویان دەکەن، بەڵام ئەمانە دوو ڕووی دراوێکن، هەرچەند جیاوازن لەگەڵ یەکتر، بەڵام دوو بنەمای سەرەکین بۆ بنیادنانی فەرهەنگنووسی، لایەنەکانی فەرهەنگنووسی بریتین لە:

**١.١.٢. فەرهەنگناسی( lexicology):**

فەرهەنگناسی ئەم بەشە گرنگی دەدات بە لایەنی تیۆری و هەوڵدەدات لایەنە زانستییەکەی فەرهەنگ بەرەوپێش ببات کە ناوەرۆکی فەرهەنگ دەگرێتەوە،واتە فەرهەنگناسی لایەنی تیۆری فەرهەنگنووسییە.

فەرهەنگناسی (( بە واتای ئامادەکردن و نوسینەوەی وشەنامە دێت)) (مەحوی، محمد، ٢٠٠١، ١٤٤)، فەرهەنگنووس پوختەی زانست و زانیارییەکان لەناو فەرهەنگدا دەخاتە ڕوو، بۆیە دەبێت فەرهەنگنووس ئەو زانیارییەی کە کۆیدەکاتەوە دەبێت لە سەرچاوەی متمانەپێکراو بن.

واتا لە فەرهەنگدا هەوڵی نوسینەوەی وشە کانی زمان و ڕوونکردنەوە بۆ هەریەکێکیان دەدرێت، هەروەها فەرهەنگناسی بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو جۆرە وشەیەک دەکۆڵێتەوە لە هەموو ئاستەکانی زماندا.

کەواتە ئەم بەشەی فەرهەنگنووسی، کە لایەنی ناوەرۆکی فەرهەنگە مامەڵە لەگەڵ وشەکان دەکات، بنچینە و بناغە و ڕیشەی وشەکانی دەخاتەڕوو.

### ٢.١.٢. فەرهەنگسازی(lexicography) :

فەرهەنگسازی ئەم بەشە لایەنە هونەرییەکەی فەرهەنگ دەگرێتەوە، گرنگی بەلایەنی دەرەوەی فەرهەنگ دەدات، واتا لە ڕووی (شێوە، قەبارە، شێوازی نوسین،...تاد.)، کەواتە لایەنی پراکتیکی (کارەکی) دەگرێتەوە ((فەرهەنگسازی کارکردنە لە بواری دانانی فەرهەنگدا بە هەموو جۆر و بابەتیەوە)). (علی، جەلال مەحمود، ٢٠٠١، ٦٢)

کەواتە فەرهەنگسازی شێوەی ڕووکاری فەرهەنگ دەگرێتەوە و چۆنیەتی ڕێکخستنی وشەکانی فەرهەنگ، کە ئەمەش لایەنە هونەرییەکەی فەرهەنگنووس ییە، کە لایەنی فەرهەنگسازی: ڕێکخستنی وشەکان و دانانیان، شێوە و فۆڕمی پیتەکان و قەبارە...تاد. دەگرێتەوە.

فەرهەنگسازی(( گرنگی بە دروستکردنی فەرهەنگ دەدات، لە ڕووی جۆر و پێکهاتە و ڕێگاکانی ئامادەکردنی لێکسیکۆگرافی تایبەتە بە ئامادەکردنی فەرهەنگ)). (دزەیی، عبدالواحید موشیر، ٢٠١٤، ١١٣) لەم پێناسەیدا دەرکەوتووە، کە فەرهەنگسازی لایەنی کارەکییەکە دەگرێتەوە، کە فەرهەنگێک دادەنرێت لەلایەنی فەرهەنگسازییەوە گرنگی بەم پێکهاتانە دەدرێت، هەوڵدەدریت لایەنە هونەرییەکەی بەرەوپێش ببەن و پەرەیپێبدەن.

هەروەها ((فەرهەنگسازی وەک زانستێک کار لەسەر وشەکان دەکات، لە ڕووی پێکهاتە و داڕشتن و گەشە و گۆڕانی واتاکانی وشە دەکۆڵێتەوە)). (امین، امیر محمد، ٢٠٢١، ١٨٧)

کەواتە دەکرێت بڵێین: فەرهەنگناسی و فەرهەنگسازی دوو بنەمای گرنگی فەرهەنگنووسین و دوو بناغەی سەرەکین لە دانانی فەرهەنگدا، دەبێت ڕەچاوی هەردووکیان بکرێت، کە فەرهەنگناسی لایەنی ناوەرۆکی زانستەکەیە فەرهەنگسازیش لایەنە هونەرییەکەیەتی کە (شێوەی نوسین، قەبارە، جۆر، وێنە...تاد) دەگریتەوە، هەردوولایەن کاریگەریان بەسەر یەکترەوە هەیە، ئەگەر یەکیکیان لاوازبێت ئەوترییش سەرکەوتوو نابێت، کەواتە دەتوانین بڵێین: هەرچەندە دوو بەشی جیاوازن، بەڵام تەواوکەری یەکترن و دوو بەشی سەرەکی فەرهەنگنووسینە.

### ٢.٢. چەمک و پێناسەی فەرهەنگ:

فەرهەنگ تۆمارگەی وشە تۆمارکراوەکانی زمانە، ((فەرهەنگ لە زمانی عەرەبیدا واتای (المعجم) و بە ئینگلیزی (Lexicon) دەگەیەنێت)). (سەعید، محمد مەجید، ٢٠١٥، ٦٢) وشەی فەرهەنگ زۆر ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسەرە زۆربەی نوسەران پێیان وایە(( کە وشەی (فەرهەنگ) وشەیەکی کوردییە، (فەرهەنگ) وشەیەکی کوردی کۆنە و لە (فرەهەنگ)ەوە وەرگیراوە، (فرە) لە کوردیدا بە واتای (زۆر و زەبەنگ)دێت، و (هەنگ) و (سەنگ) بە واتای (گرانی) و ( نرخ) و ( بڕ) دێت)). (جەمال نەبەز، ٢٠٠١، ٦٠) فەرهەنگ وشەیەکی ئێرانییە و فارسەکان بۆ ئەکادیمیا و ڕۆشنبیری گشتی بەکاریدێنن، بەڵام (قاموس) وشەیەکی گریکییە، قاموس واتە ئەو کتێبانەی وشە بە خۆیانەوە بگرن لەگەڵ زمانێک لە زمانانی دنیا. (خەزنەدار، مارف، ٢٠٠١، ٣١)

دەتوانین بڵێین: بەگشتی لە زمانی کوردیدا ئەم دوو زاراوەیە بەکاردێت، بۆ ئەم مەبەستە، لەکاتێکدا تەنها لە زمانی کوردیدا ئەو کێشەیە نییە، کە لە زاراوەیەک زیاتر بۆی بەکارهاتووە، بەڵکو لە زمانانی تری دنیاش بە هەمان شێوە چەندین زاراوەیان بەکارهێناوە. بۆ نموونە (المعجم- قاموس- فهرس) لە زمانی عەرەبیدا و (vocabulary – Dictionary- Lexicon) لە زمانی ئینگلیزی بەکاردێت(مراد،میدیا، ١٦،٢٠٢١)

فەرهەنگ سیستەم و پرۆگرامێکی ڕێکخراوە، کە لەلایەن شارەزایانی زمان دانراوە، کە چەند زانیارییەکی گرنگی سەبارەت بە داتاکانی زمان تێیدا خراوەتە ڕوو، فەرهەنگ بناغەیەکی گرنگی زمانەکەیە، چەندین وشەی ڕەسەن و نوێی تێدایە، کە ناتوانین لە هەموو کات وشوێنێک گوێبیستی ئەو وشانە بین، بە شێوەیەک هەندێک وشە ئێستا بەکارناهێنرێت لەناو کۆمەڵگادا، بەڵام لە فەرهەنگەکاندا بەردەستە، لەبەر ئەوەی زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە، بۆیە پێویستە وشەکانی ئەم زمانە بپارێزرێت، تا زمانەکە توشی

لەناوچوون نەبێت، فەرهەنگ کە تۆماری وشەکانی زمانە هۆیەکە بۆ پاراستنی وشەکانی زمان، فەرهەنگ وەک هەر زانستێکی تر بیروڕای جیاوازی لەسەرە و چەندین پێناسەی بۆ کراوە[1]کە هەندێکیان دەخەینەڕوو:

یەکێک لەو پێناسانەی کە بۆی کراوە، دەڵێت: ((فەرهەنگ: جۆرێکە لە جۆرەکانی سەرچاوەی بنەڕەتی، واتە ئەو سەرچاوەیەیە یان کتێبەیە، کە زانیاری تایبەتی تێدا تۆمار دەکرێت، دەربارەی وشەکانی زمان و واتاکانیان بە گوێرەی ئەلف و بێی زمانەکە ڕێک دەخرێت، بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی کە تێیدا تۆمارکراون بە ئاسانی دەست بکەون))(حوسێن، تالیب، ٢٠٠١، ١٨٣). کەواتە فەرهەنگ کانگەی بەدەستهێنانی زانیارییە و بەتایبەتی زانیاری لەبارەی وشە و هۆکارێکە بۆ تۆمارکردنی زانیاری سەبارەت بەزمانی میللەت و نەتەوەیەک، هەروەها فەرهەنگ مەبەستی سەرەکی ئەوەیە، واتا و مەبەستی وشە و ڕستەکانی کە زمانیان لێ پێکهاتووە ڕوونبکرێنەوە.

هەروەها ئەگەر پێناسەیەکی تر وەربگرین لەسەر فەرهەنگ، ئەویش دەڵێت: ((فەرهەنگ: ئەو کتێبەیە، کەوا وشەی تێدا تۆمارکراوە، جگە لە ڕێزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆکراوەتەوە، مانای ڕوون کراوە و شیکراوەتەوە)).(حاجی مارف، ئەورحمانی،٢٦،٢٠٠٤) کەواتە فەرهەنگ سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ دەوڵەمەندکردنی بیر و هزری مرۆڤ، لەبەر ئەوەی بەکارهێنەر دەتوانێت چەندین زانیاری جۆراوجۆر بدۆزێتەوە و لەسەر زمانەکەی خۆی و زمانانی تریش.

یەکێکی تر لە پێناسەکانی ئەوەیە، فەرهەنگ: (( تۆمارێکە وشە و ڕستەکانی زمانی تیا دیاریکراوە بە لێکدانەوەی مەبەستەکانیشەوە))(ع.ع.شەونم ،١٤،٢٠١٣). ئەم پێناسەیەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە وشە و ڕستەکانی زمان بە واتاکانیانیەوە لەناو فەرهەنگدا تۆمارکراوە.

پێناسەیەکی تری ئەوەیە(( فەرهەنگیش وەکو تۆمارێک و گەنجینەیەک وایە، کە وشە و زاراوەکانی زمان دەپارێزێت. هەموو زمانانی جیهان خاوەنی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن. چونکە هەموو زمانێک بەهۆی فەرهەنگەکەیەوە دەناسرێتەوە)) (خۆشناو، نەریمان عبدالله، ٢٠١٦، ٨٤). فەرهەنگ وشە و زاراوەکانی زمان دەپارێزێت، هەموو وشە و زاراوەکانی زمانی تێیدا تۆمارکراوە، فەرهەنگ تایبەت نییە بە میللەتێک واتە ئەوە نییە کە تەنیا لای میللەتێک هەبێت، بەڵکو هەر زمانێک فەرهەنگی خۆی هەیە. هەموو زمانێک بەهۆی فەرهەنگەکەی دەناسرێتەوە و بەهۆی ئەو زانیارییانەی کە لەناو فەرهەنگدا تۆمارکراون زمان ئەو نەتەوەیە دەناسرێت.

کەواتە لە کۆی هەموو ئەو پێناسانەی کە باسمانکردن دەتوانین بڵێین: فەرهەنگ تۆمارێکە کە هەموو زانیارییە زمانییەکانی تێدا تۆمارکراوە، واتە لە ناو فەرهەنگدا باسی چۆنیەتی دروستبوونی وشە دەکات و واتا جیاوازەکانی و هاوواتا و دژ واتاکانی تێیدا تۆمارکراون، فەرهەنگ تایبەت نییە بە نەتەوەیەک بەڵکو هەموو نەتەوەیەک فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەیە، کە تایبەتە بەزمانەکەی، بۆ زۆربەی بوارەکانی فەرهەنگ دادەنرێ. بۆ نموونە: کۆمەڵناسی، ئەدەب، زمانەوانی،...تاد، کەواتە فەرهەنگ هۆکارێکی سەرەکی ناساندن و پاراستنی زمانە.

### ٣.٢.مێژووی فەرهەنگ لە جیهاندا:

فەرهەنگ مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە جیهاندا، هەڵگری زمانی نەتەوەیە، بەرەبەرە تا گەیشتووەتە سەردەمی ئێستامان لای هەموو گەل و نەتەوەیەک هەوڵی دروستکردن و بەرەو پێش بردنی فەرهەنگ دراوە و دەدرێت.

کۆنترین فەرهەنگ وشەنامەی سۆمەری و ئەکەدییە، کە بۆ ٢٣٠٠ساڵ پ.ز. دەگەڕێتەوە. دووەم فەرهەنگیش وشەنامەی سۆمەرییە، کە لەسەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین لەسەردەمی بابلییەکاندا دانراوە https://en.m.wikipedia.org/wiki/Dictionary.

---

[1]ئێمە تەنیا چەند دانەیەکمان لەو توێژینەوەیەدا بەکارهێناوە بەڵام لەم کتێبانەدا چەندین پێناسە خراوەتەڕوو وەک:

- شێخ تەیب، شەهاب (٢٠٢١) فەرهەنگسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی: هێڤی، هەولێر.لا:(٧٢-٧٥)
- مراد، میدیا (٢٠٢١) فەرهەنگنووسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی: نارین، هەولێر. لا:(١٨-٢٦)

ئاشورییەکانیش گرنگیان بە فەرهەنگداوە ((کۆنترین فەرهەنگی ناسراو بەهۆی هۆکاری کارەکییەوە[کار و پیشەوە] لە دۆڵی دوو ڕووباردا (وادی الرافدين) دەرکەوتن، ئەو ئاشوریانەی پێش سێ هەزار ساڵ، کە چوون بۆ بابل لە تێگەشتنی هێما سۆمەرییەکان نەدەگەیشتن بۆیە وایان بە باش زانی لەوحێك یان لیستێك لە وشەی سۆمەری و بەرانبەریکەی بە وشەی ئاشوری ئامادە بکەن))(شێخ تەیب، شەهاب، ٢٠٢١، ٧٥). کەواتە ئاشورییەکانیش ویستویانە لە سۆمەرییەکان بگەن، لەبەر ئەم هۆکارە فەرهەنگ تیایاندا دەرکەوتووە.

دوای ئەم نەتەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش چینییەکان دێن، کە چینییەکانیش لە سەدەی سێیەمی پ.ز فەرهەنگیان داناوە. یۆنانی و ڕۆمانییەکانیش دەستێکی باڵایان هەبووە لەم بوارەدا، هەر لە پێش زاینەوە دەستیانکردووە بە دروستکردنی فەرهەنگ ، لەوانە ئەرستۆڤان لە ١٨٠ پ.ز. کە پارێزەری کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بووە، لیستێکی دروستکردووە بۆ وشە یۆنانییەکان و لێکدانەوە و دیاریکردنی واتاکانیان، هەروەها ئیلیۆس دینیۆس فەرهەنگێکی بە(١٠) بەرگ بۆ وشەکانی ئەسینا داناوە،کە بەباوکی فەرهەنگی نوێی ڕۆژئاوا دادەنرێت.

یەکەم فەرهەنگی سانسکریتی بەناوی ئاماراکۆشا کە لیستێکی (١٠٠٠٠) وشەییە لە سەدەی چواری زاینی دانراوە https://en.m.wikipedia.org/wiki/Dictionary .

لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا دەرکەوتووە، کە لە هندستانی کۆن، واتە هندییە کۆنەکان ، بۆ یەکەم جار فەرهەنگیان بۆ ئەو وشانە دانا، کە خەڵکی لێیان تێنەدەگەیشتن، ئەم فەرهەنگە بەنزیکەیی لە سەدەی (٥-٦)زاینی دانراوە، فەرهەنگێکی سانسکریتییە ، بەمەبەستی ئەوەی دەیانویست خەڵکی لە سرودە ئاینییەکانی کتێبە کۆنەکەیان بگەن (خضر، زانا حسن، ٢٠١٥، ١٢)

هەروەها یەکەم فەرهەنگی ژاپۆنیش بەناوی (نینا) یە لەساڵی ٦٨٢ز دانراوە. لای عەرەبەکانیش دوای هاتنی ئیسلام و بۆ ئەوە بووە خەڵک بتوانن لە قورئانی پیرۆز تێبگەن. لەسەدەی حەوتەمی زاینییەوە فەرهەنگ سەریهەڵداوە، لەوانە فەرهەنگی العين، قاموسی المحيط... هتد https://en.m.wikipedia.org/wiki/Dictionary.

لای عەرەبەکانیش ((لە سەدەی هەشتەمی زاینیدا (خیلی کوڕی احمدی فەراهیدی) یەکەم فەرهەنگی بۆ زمانی عەرەبی داناوە، ناویشی ناوە (كتاب العين) )) (خضر، زانا حسن، ٢٠١٥،١٣).

لای تورکیش مەحمود کاشغری –کە بە ڕەچەڵەک قەرەخانییە لە نەوەی خاقانەکانە، فەرهەنگی زمانی تورکی Divan-u Lügat'it Türk داناوە کە دوای ١٥ ساڵ لە گەڕانی بەناو دەشت و دۆڵەکانی ناوچە تورکنشینەکاندا لەساڵی ١٠٧٤ز تەواوی کردووە https://en.m.wikipedia.org/wiki/Dictionary.

لە پێش زاینەوە فەرهەنگ سەریهەڵداوە لە جیهاندا، کەواتە دەتوانین بڵێین: کە فەرهەنگ مێژووەکی دوور و درێژی هەیە، هەر لە پێش زاینەوە هەوڵیان داوە بۆ دانانی فەرهەنگ و نەتەوە دوای نەتەوە بە هۆکاری جیاواز فەرهەنگیان داناوە.

### ٤.٢. مێژووی فەرهەنگ لای کورد:

کوردیش وەکو هەموو میللەتانی تر بێ بەش نەبووە و کاری خۆی کردوە، لەم لایەنەدا و چەندین هەوڵی جۆراوجۆری داوە، بۆ دانانی و نووسینی فەرهەنگ لەلایەن دڵسۆزان و خەم خۆرانی کورد.

سەرەتای سەرهەڵدانی لای کورد زۆر سادە بووە، کە تەنیا گرنگیان بەوە داوە، هەر وشەیەك بەرامبەرەکەی لە زمانانی تر چی پێدەوترێت لەبەکارهێنان، واتا سەرەتا ئەوە بوو لە نێوان دوو زمان فەرهەنگ دانراوە واتە وشەی زمانی نەتەوەی کوردیان بە زمانەکی بێگانە بەراوردکردووە، بەڵام دواتر هەوڵی ئەوە دراوە کە تەنیا لە یەك زمان(مراد، میديا، ٢٠٢٣، ٢)، واتا زمانی نەتەوەی کوردی خۆی بە تەنیا فەرهەنگی لەسەر هەبێت، نەك بە نەتەوەکانی تر بەراورد بکرێت. گرنگی بە لایەنی زانیاری و دروستبوون و ڕەسەنی و ناڕەسەنی وشە دراوە نەك تەنیا بەراوردکردنی بە وشەکانی زمانی بێگانە.

بۆ لایەنی فەرهەنگ کورد لە ڕووی فەرهەنگنووس ی درەنگ دەستیپێکردوە، لەبەر ئەمەش فریانەکەوتووە کە هەموو وشەکانی لە ناو فەرهەنگدا تۆماربکات، لەگەڵ پێدانی زانیارییە وردەکان لەسەریان ((لەم بوارەدا (مامۆستا هەژار موکریانی) لە پێشەکی

فەرهەنگە بەنرخەکەیدا (هەنبانە بۆرینە) نوسیوویەتی... ئێمە لەبەر بێ فەرهەنگی هەزاران... زاراوە و وشەی ڕەنگین و بەنرخ و خۆش و سەنگینمان لەگەڵ گۆڕانی زمان لە دەست داوە، چونکە بۆمان نەنوسراوە)). (نیزامەدین، فازیل، ٢٠٠١، ٥٠)

کەواتە ئێمەی کورد وەك هەر میللەتێکی تر فەرهەنگمان هەبووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دواکەوتووین لە دروسکردنی فەرهەنگ، بۆیە چەندین وشەی بەنرخمان لەدەستداوە، هەروەها ئەورەحمانی حاجی مارف لەم بارەیەوە نوسیویەتی: دەمێکە دەست بەکاری فەرهەنگنووسی کراوە و دانەری یەکەم فەرهەنگی کوردی کورد بووە، لە ساڵی (١٦٨٢- ١٦٨٣)زاینی شاعیری مەزنی کورد ئەحمدی خانی لە ژێر ناوی [نوبارا بچووکان] دا فەرهەنگۆکێکی بە شعر بۆ یارمەتی دانی منداڵانی کورد لە فێربوونی زمانی عەرەبیدا نوسیوە (خضر، زانا حسن، ٢٠١٥، ١٣) .

کەواتە دەتوانین بڵێین: فەرهەنگی کوردی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە(مراد، میدیا، ٢٠٢٣، ٢) ، کە ئەمانەن:

١. قۆناغی یەکەم بە شێوەی شیعر بووە، وەک ئاماژەمان پێدا یەکەم فەرهەنگی کوردی لە لایەن (ئەحمەدی خانی) بووە بە شیعر ((فەرهەنگەکەی (نوبارا بچووکان)ی (ئەحمدی خانی)، کە لە ساڵی (١٦٨٢-١٦٨٣) بە شێوەی شیعرە (عەرەبی: کوردی). کە مەبەستی لەوە بووە کە منداڵانی کورد فێری زمانی عەرەبی بن ، فەرهەنگەکە بە شێوەیەکی سادە و ساکار نوسراوەتەوە کە گەورە و بچووک چێژی لێ وەردەگرێ. دوای ئەویش  فەرهەنگی (ئەحمەدی) هی(شێخ مارفی نودێ)، کە لەساڵی (١٧٩٥) دایناوە.

٢. هەروەها قۆناغی دووەم فەرهەنگ بەشێوەی نامیلکە بووە، لەوانە (( (ئیتالی: کوردی) لە لایەن قەشە ماوریتزیۆ گارزۆنی لە ساڵی (١٧٨٧) کە یەکەم فەرهەنگی کوردیە لەلایەن بیانییەکانەوە نوسرا بێ)).(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٢) لەم کاتە فەرهەنگ بچووک بووە، هەروەها یەکەم فەرهەنگیشە بەشێوەی پەخشان بووە، کە نوسەرەکەی کورد نەبووە.

٣. قۆناغێکی تر بەشێوەی فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی هاووتایی بووە، کە بە پێی ئەلفوبێ ڕیزکراوە. بۆ نموونە ئەم قۆناغە (( الهدية الحميدية في اللغة الكردية ی - يوسف ضياء الدين پاشای خالدی-یە، کە فەرهەنگێکی (کوردی: عەرەبی)یە، کە لەساڵی (١٨٩٢-١٨٩٣) دایناوە)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٣) لەم قۆناغەدا تەنیا وشە ریزنەکراوە، بەڵکو ڕوونکردنەوەی لەگەڵ بووە، فەرهەنگی تاک زمانیش لەم قۆناغەدا سەریهەڵداوە، کەواتە دەتوانین بڵێین: لەم قۆناغەدا نوسینی فەرهەنگ گۆڕانی بەسەرهاتووە و بەرەوپێش چووە.

٤. قۆناغی فەرهەنگی سەردەمیانە: لەم قۆناغەدا فەرهەنگ بۆ مەبەستی پاراستنی وشەکان بووە، کە ژمارەی زۆر لە وشە تۆمارکراون تا لەناونەچن و زانیاری تێروتەسەلیان لەسەر کۆکراونەتەوە (( فەرهەنگەکەی (قامووسی زبانی کورد)ی عەبدورەحمانی زەبیحی، کەلەساڵی (١٩٨٨) چاپکراوە، (فەرهەنگی هەرمان)ی عەلی نانەوا زادە لە ساڵی (٢٠٠٥) لەگەڵ (فەرهەنگی میدیا)ی (ئەورەحمانی حاجی مارف) کە لەساڵی(٢٠٠١) چاپکراوە.)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٦)

ئەمانە هەوڵی کۆمەڵێک ڕووناکبیر و نوسەرن، بۆ بەرهەمهێنان و لە چاپدانی فەرهەنگ بۆ زمانی کوردی. لەسەدەی ٢١ یشەوە سەرەڕای بەرهەمهێنانی فەرهەنگی کاغەز، دەستبردراوە بۆ داڕشتن و دروستکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنیش، بێگومان دانانی ئەم جۆرە فەرهەنگانەش هەر لەم فەرهەنگە کاغەزییانەوە سەرچاوەدەگرن.

### ٥.٢.  هۆکارەکانی دانانی فەرهەنگ:

دانانی فەرهەنگ لەلای هەر نەتەوەیەک و زمانێک بە هۆکارێکی جیاوازبووە، هەر نەتەوەیەک لە چ لایەنێکەوە پێویستی بە فەرهەنگ بووە، بەهۆی ئەو هۆکارەوە فەرهەنگیان داناوە، بۆ پرکردنەوەی ئەو لایەنەی پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە.

لە کۆندا فەرهەنگ شێوازێکی سادە و ساکاری هەبووە، تەنیا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان و تێگەیشتن لەزمانی بەرامبەریان بەکاریانهێناوە، سەرەتا لەسەر بەرد، لەوحە، تاتەقوڕ، گەڵا، پێست...تاد. تا لە دواییدا فەرهەنگ لەسەر کاغەز نوسراوە، بۆ تێگەیشتن لەزمانی بەرامبەر و هێماکانیان، فەرهەنگیان داناوە.

فەرهەنگ لەناو هەر نەتەوە و زمانێکدا بەهۆکارێکی جیاوازەوە سەریهەڵداوە، لەبەر ئەوەی لەو لایەنەدا لیلێ لەواتادا هەبووە، پێویستی بە ڕوونکردنەوە بووە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکان، فەرهەنگ بەرهەمهێنراوە.

بەهەمان شێوە لەزمانی کوردیشدا کۆمەڵێک هۆکار هەبوون، بۆ دانانی فەرهەنگ، لەوانە یەکەم هۆکار بۆ دانانی فەرهەنگ لەناو کورددا بۆ فێربونی زمانی تر بووە، هەروەها بەتایبەتی بۆ منداڵان بووە، وەک فەرهەنگی (نوبارا بچووکان) لەلایەن شاعیری گەورەی کورد (ئەحمەدی خانی) یەوە، لەساڵی (١٦٨٢)ز نوسراوە، بەزمانی (کوردی:عەرەبی) بەمەبەستی ئەوەی منداڵی کورد فێری زمانی عەرەبی ببن. (شێخ تەیب، شەهاب، ٢٠٢١، ٧٦)

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە هۆکاری سەرەکی لای کورد هۆکاری فێربوون و زانینی زمانی تر بووە، کە دانەری فەرهەنگ ئەوکاتە پێیوابووە منداڵی کورد لەڕێگای فەرهەنگەوە دەتوانێت ئاستی رۆشنبیری و زانیاری خۆی بەرزبکاتەوە، هەروەها نوسەرانی فەرهەنگ پێیانوایە، کە فەرهەنگ هۆکارێکە بۆ خزمەتکردن بە زانست و زانیاری ، لە هەر زمانێکدا هۆکاری جیاواز هەبووە، بۆ دانانی فەرهەنگ، بە شێوەیەکی گشتی لێرەدا چەند هۆکاریکی سەرەکی دەخەینەڕوو :

**١. هۆکاری ئایینی:** ئەم هۆکارە وایکردووە لای چەند نەتەوەیەک فەرهەنگ سەرهەڵبدات، ئەمەش دەکرێت، بەهۆی ئەوەبێت، کە زانا ئایینییەکان هەوڵیانداوە بۆ پاراستنی ئاین و دین فەرهەنگ دابنێن، چونکە ئەگەر ئەو فەرهەنگانە نەبوونایە لەوانەیە زۆربەی خەڵکی لە تەواوی واتای کتێبە پیرۆزەکان تێنەگەیشتبانایە.

لای هندییەکان سەرهەڵدانی فەرهەنگ دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی ئاینەکەیان، پەیوەندی بەکتێبی پیرۆزەی خۆیانەوە هەبووە، کە کتێبی (ڤیدا) بووە، تێیدا ئەو دەقانەی تایبەت بوون بە ئاینەکەیانەوە تێدا ڕاڤە دەکرا و بە شێوازی لیستێکە ئەو وشە قورسانەی ناو دەقە پیرۆزەکانیان لە خۆ دەگرێ... (سەرچاوەی پێشوو، ٧٥)

هەروەها لەلای عەرەبەکانیش بەهەمان شێوەی هندییەکان بۆ پاراستنی ئاین بووە، تاکو خەڵکی موسڵمان بەهەڵە  لە قورئانی پیرۆزە تێنەگەن و بە هەڵە نەیخوێننەوە.

ئەم فەرهەنگانە لەو سەردەمانەدا هۆکارێک بوون بۆ پاراستی زمان لە فەوتان و لەناوچوون، کەواتە یەکەمین هۆکار هۆکاری ئاینیە کە فەرهەنگ بەهۆیەوە دانرابێت، لای ئەو نەتەوانەی کە یەکەم بوون لە دانانی فەرهەنگ پاڵنەرەکەیان  ئاینی بووە.

**٢. هۆکاری زمانی:** ئەم هۆکارەش هۆکارێکی تری دانانی فەرهەنگە، چونکە هەوڵدراوە لەو سەردەمەدا  خەڵک فێری زمانی تر بکرێن، کە ئەمەش لە ڕێگەی فەرهەنگی جووتزمانی یان فرە زمانییەوە بووە. هەروەها لە فەرهەنگی تاکزمانیدا هەوڵدەدرێت وشە ڕەسەنەکانی زمان لە فەرهەنگدا دابنرێن، بەم جۆرە تا خەڵک وشە و زاراوەکانی زمانەکانی خۆی بزانێت. فەرهەنگ دەبێت بە قەڵایەک بۆ زمان و لە لەناوچوون دەیپارێزێت. ((فەرهەنگی زمان ئاوێنە و سامانی نەتەوە و میللەتە)).(عەزیز، شۆخان، ٢٠١٤، ٦٤) کەواتە فەرهەنگ پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زمان هەیە، هەروەها یەکێک لە هۆکارەکانی دانانی فەرهەنگی زمان ئەوەیە کە ئەو فەرهەنگە ئاوێنەی ئەو میللەت و زمانەیە، چونکە هەرچی وشە و ڕستە و دەربڕین هەیە لەم فەرهەنگەدا تۆمارکراوە، بەمەش دەتوانین زانیاری پەیدابکەین لەسەر زمانانی تر و زمانەکەمان بەهۆی فەرهەنگەوە.

**٣. هۆکاری سیاسی:** هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەری کاریگەری گەورەی هەبووە، بۆ دانانی فەرهەنگ بەهۆی کوشتن و بڕین و شەڕ و داگیرکاری نێوان نەتەوەکان ، وایکردووە ئەو نەتەوانەی کە داگیرکاریان لەسەر دەکرێت فەرهەنگێک دابنێن بۆ زمانی خۆیان، زمانی ئەو نەتەوەی کە داگیری کردوون بەکارنەهێنن، بۆ ئەوەی نەوەکانیان فێری زمانەکەی خۆیان بن ((لەناو فەرهەنگی زمانی کوردیشدا بەهۆی بیر و باوڕی کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی و ئازادیخوازی و گیانی فیداکاری و پێشمەرگایەتییەوە بە دەیان زاراوەی نوێ لە دایک بوون، کە پەیوەندییان بە شۆڕش و خەباتی چەکدارییەوە هەیە...)). (عبدالله، ڕۆژان نوری، ٢٠١٣، ٢٠٧) بێگومان ئەو زاراوە نوێیانە کە بەهۆی پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازی دروست بوونە چونەتە نێو فەرهەنگەوە و فەرهەنگیان بۆ دانراوە، کەواتە سیاست و نەتەوایەتی و شۆڕشگێری دەبێتە هۆی دانانی فەرهەنگ.

دەتوانین بڵێین: ئەو سێ خاڵە گرینگترین هۆکارەکانی دانانی فەرهەنگە، جگە لەم خاڵانەی کە ئاماژەمان پێدا چەندین هۆکاری تریش هەن بۆ نموونە: وەرگێڕان، بازرگانی، ئاوارەبوون، ...تاد.

### ٦.٢. جۆرەکانی فەرهەنگ:

فەرهەنگەکان دابەشدەکرێن و جیادەکرێنەوە، دەشێت لە فەرهەنگێکدا هەموو وشەکانی زمانێکی تێداهەڵبگیرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو زمانێکدا فەرهەنگی تایبەتیش هەیە، ڕێگای جۆراوجۆر هەیە، بۆ دابەشکردنی فەرهەنگ، کە لێرەدا دەخەینەڕوو ئەوانیش:

#### ١.٦.٢. جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی زمانەوە:

فەرهەنگ لەڕووی زمانەوە ئەم جۆرانەی هەیە:

**١. فەرهەنگی تاکزمانی:** لەم فەرهەنگانەدا وشەکانی زمانێك بە هەمان زمان لێکدەدرێتەوە و زانیاری لەسەر دەدرێت(الخولی، محمدعلی،١٩٨٦، ٧٨).

**٢. فەرهەنگی جووتزمانی:** ئەو فەرهەنگەیە کە وشەکانی زمانێك بە زمانێکی تر لێکدەدرێتەوە(الخولی، محمدعلی،١٩٨٦، ١٣).

**٣. فەرهەنگی فرەزمانی:** ئەو فەرهەنگەیە کە وشەکانی زمانێک، بە دوو زمانی تر، یا زیاتر لێکدانەوەی بۆ دەکرێت(الخولی، محمدعلی،١٩٨٦، ٧٩).

#### ٢.٦.٢.جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ناوەرۆکەوە:

فەرهەنگ لەڕووی ناوەڕۆکەوە جۆری زۆرە بەسەر چەندین جۆردا دابەشکراوە، بەڵام لێرەدا هەر ئەمەندە دەخەینەڕوو:

**١. فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی:** ئەم جۆرە فەرهەنگە باسی زۆربەی لایەنەکانی ژیان دەکات، تایبەت نەکراوە بەلایەنێکی تایبەتی لە ژیان، لەم فەرهەنگەدا گرنگی بە چۆنییەتی بەکارهێنان و پەیدابوونی وشە نادرێت، بەڵکو هەوڵدەدرێت سەرچاوە و لێکدانەوە بۆ وشە بخرێتەڕوو ،(( لە فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدیدا خاسیەتی ڕێزمانی وشە و نیشاندانی چۆنێتی بەکارهێنانی و پەیدابوونی و دروست بوونی و چۆنێتی دەوری لە ڕستەدا... بەرچاو ناکەوێ، بەڵکو کاری سەرەکی لە لێکدانەوەی وشەدا، ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیە کە وشەکەی لێوەهاتووە)). (زەبیحی، عبدورەحمانی، ١٣٦٧، ٧٢) لە فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدیدا بایەخ بە زانیاری گشتی وشەکان دەدرێت، وەک زانیاری مێژوویی یا جوگرافی یا زانستی ...تاد.

**٢. فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی:** لەم جۆرە فەرهەنگەدا سەرچاوەی پەیدابوون و وەرگرتنی ئەم وشەیە لە زمانانی تردا ڕووندەکاتەوە، ڕەگەزی ئەم وشانە دەخرێتەڕوو کە لە چ زمانێکەوە هاتووە، هەروەها شێوازی بنەرەتی وشەکان پەسندەکات، کە سەرەتا وشەکە چۆن دروستبووە و چ گۆڕانکارییەکی بەسەرداهاتووە. لەو فەرهەنگەدا ((ئەو گۆڕانکارییانەش دەخاتەڕوو کە بەسەر وشەدا دێت و جەخت دەکات، کە سەر بەیەک بنەماڵەی خێزانی زمانین، لەگەڵ دیاریکردنی زمانەکە)). (شێخ تەیب، شەهاب، ٢٠٢١، ١٢٨)

ئەو جۆرە فەرهەنگەیە، کە بنچینەی وشە دەخاتە ڕوو، کە ئایا وشەکە ڕەسەنە یان لە زمانانی تر وەرگیراوە. ئەو جۆرە فەرهەنگە سوودی زۆر دەگەیەنێت بەو کەسانەی بەدوای ڕەچەڵەکی وشەکاندا دەگەڕێن کە لە ڕێگەی فەرهەنگی ئیتمۆلۆژییەوە دەتوانرێ بزانرێ چ گۆڕانێک بەدرێژایی مێژوو بەسەر ڕەگ و ڕیشەی وشەکاندا هاتووە.

**٣. فەرهەنگی وێنەیی:** ئەم فەرهەنگەش بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، کە لە شیکردنەوەی وشەکاندا وێنەی جۆراوجۆری بەکاردەهێنرێت، کە ئەمەش هۆکاریکە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی وشەکان و لابردنی هەموو لێڵی و ناڕوونییەک لەسەر وشەکان. (هەمان سەرچاوە، ١٣٠)

**٤. فەرهەنگی گشتی زمان(فەرهەنگی زمانی):** فەرهەنگێکە یەکە فەرهەنگییەکانی زمانەکە بە گشتی دەگرێتەخۆ، وشەکانی تایبەت نییە ، بەیەك بواری زانیاری؛ بەڵکو گشتییە، گشت وشەو زاراوەکانی زمانێک، بەهەموو زانست، ئەدەب و هونەرییەکانەوە کۆدەکاتەوە، واتایان لێکدەداتەوە. ئەم جۆرە لەفەرهەنگ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەتوانن سوودی لێببینن. هەموو جۆرە خوێنەرێك دەگەڕێتەوە سەری.(الخولی، محمدعلی،١٩٨٦، ٤٦)

**٥. فەرهەنگی تایبەتی(فەرهەنگی زاراوەیی):** مەبەست لەفەرهەنگی تایبەتی ئەو فەرهەنگەیە تەنیا ئەو وشەو زاراوانەی تایبەتن بە بوارێك لەبوارەکانی زانیاری(هەمان سەرچاوە، ١١٣)، تایبەتن بە هونەر، یا زانستێکی دیاریکراو کۆدەکرێنەوە و لەفەرهەنگێکدا و واتا و زانیارییان لەسەر دەدرێت، وەك: فەرهەنگی ئەدەبی، پزیشکی، جوگرافی.... ئەم جۆرە لەفەرهەنگ ئەو چین و توێژەی تایبەتن بەو بوارە، دەتوانن سوودی لێببینن.

### ٣.٦.٢. جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی بەرهەمهێنانەوە:

فەرهەنگ بە پێی**بەرهەمهێنانیان و هاتنە ناوبازاڕەوە** بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێت که ئەوانیش: فەرهەنگی سەر کاغەز و فەرهەنگی ئەلیکترۆنییە. کەلەتەوەری دووەمدا زیاتر تیشکی دەخەینەسەر.

**١. فەرهەنگی سەر کاغەز:** ئەم جۆرەی فەرهەنگ لەسەر کاغەز نوسراوە و چاپکراوە بەشی زۆری فەرهەنگەکان بەم جۆرە بەرهەمهێنراون(شێخ تەیب،شەهاب،١٣١،٢٠٢١)، لەبەر ئەوەی پێشتر ئامێری پێشکەوتوو نەبووە، بۆیە هەمیشە هەوڵدراوە لەڕێگەی کاغەزەوە زانیارییەکان بگەینن و خەڵک بتوانن زانیاری لەسەر زمانی خۆیان و زمانی تر بزانن، زانیارییەکانیان لا ڕوونبێتەوە و هیچ لێڵییەکیان لەلا دروست نەبێت دەربارەی هیچ زانیارییە زمان و وشەکانی زمان، هەندێکیان دەتوانن لەسەر ئامێرە زیرەکەکانیش هەڵبگیرێن بەشێوەیpdf.

**٢. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی (ئەپڵیکەیشن):** ئەم جۆرە فەرهەنگەیان کە لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت دەست دەکەوێت، پێویستی بە کاغەز نییە و دەکرێت لەناو لاپتۆپ یان مۆبایل یان هەر ئامێرێکی تر هەڵی بگرن و بیخوێننەوە، بەڵام زۆر سەختە بخرێنە سەر کاغەز.

### ٣. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە زمانی کوردیدا

### ١.٣. کورتە باسێک دەربارەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی جۆرێکە لەفەرهەنگ لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە، ئەم جۆرە فەرهەنگە پێویستی بە کاغەز نییە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنەوە دروستکراوە و زانیاریمان پێدەدات، کە دەتوانین ئەم ئەپلیکەیشنە بکەینە ناو ئامێرە زیرەکەکان، ئەم فەرهەنگانە بۆ چەندین بوار دانراون، بۆ نموونە: کۆمەڵناسی، پزیشکی، فێربوونی زمان...تاد. ئەم فەرهەنگانە چەندین وشەیان تێدا تۆمارکراوە، کە لەڕێگەی ئەم فەرهەنگانەوە دەگەینە ڕەگی وشەکان و چۆنییەتی دروستبوون و بەکارهێنانی وشەکان...تاد.

چەندین پێناسەیان بە گشتی بۆکراوە ((فەرهەنگی ئەلیکترۆنی ... کۆپی فەرهەنگی کاغەزە لە ژمارەیەکی زۆری دەروازە پێکدێت، کە هەریەک لەوانە چەندین زانیاری دەربارەی کۆکراوەتەوە ، ئەم زانیاریانەش لە فەرهەرنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی تر دەگۆڕێت)) (خیرة، عبدو، ٢٠١٥، ١١) فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بەپشتبەستن بە فەرهەنگی کاغەزە دروستکراوە، لەبەرئەوەی فەرهەنگەکان لە زۆربەی ڕووەکانی ژیان دانراون بۆیە ناوەرۆک و زانیارییەکانیان لە یەکترییەوە جیاوازە.

یەکیکی تر لە پێناسەکان ((داتابەیسیکی ئامێریی تەکنیکییە بۆ یەکە زمانییەکان و ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە، لەوانە چۆنیەتی درکاندنیان و لایەنی ڕێزمانیان و واتاکانیان و بەکارهێنانیان بە جۆرێک ئەو یەکە زمانییانە و زانیارییەکانیان بە سیستەمێکی دیاریکراو لە یادگەی هەڵدەگیرێن کە قەبارەیەکی گەورەی هەیە.)). (الصراف، علی، ٢٠٢٠، ١٨٥) فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بۆ وشە زمانییەکان بەکاردێت و زانیاری لە هەموو ئاستەکانی زمانەوە دەربارەی وشەکان پێشکەش دەکات، تۆمارگەی گەورەی زانیارین.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لەناو زمانی کوردیدا، بە پێی گەڕان و ئەو توێژینەوەی کە ئەنجامماندواە گەیشتوین بەوەی کە یەکەم فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لەناو زمانی کوردیدا بۆ ساڵی ٢٠٠٩دەگەڕێتەوە، فەرهەنگەکەش بەناوی فەرهەنگی (دیاکۆ) بووە. دواتر لە ساڵی ٢٠١١ دوبارە لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەم فەرهەنگە چەندین فەرهەنگی تر سەریانهەڵداوە، بەتایبەت بەم ساڵانەی دوای بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەناو زمانی کوردیدا فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکردوە، لە زۆربەی بوارەکاندا فەرهەنگی ئەلیکترۆنی دانراوە.

### ٢.٣. تایبەتمەندی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی:

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە. ئەویش ئەوەیە کە هەندێکیان (( دەتوانی نوسراوێکی بدەیتێ بۆت وەردەگێڕێت، یاخود بەکردنەوەی کامێرای مۆبایل یان کۆمپیوتەر ڕاستەوخۆ وەرگێڕانەکە ئەنجام دەدات، هەروەها لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە باشتر سوود لەو جۆرە فەرهەنگە دەبینرێ بەتایبەتی لەبەکارهێنانی گۆگڵدا کاتێک کە داوای پێناسەی وشەیەکی لێدەکەی)) (عمر، تەلار صباح، ٢٠١٧، ٦٦٥). ئەم جۆرە فەرهەنگە هەڵگرتنی ئاسانە و هەر کاتێک بمانەوێت دەتوانین بیخوێنینەوە و دۆزینەوەی ئاسانە، فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بەردەوام گۆڕانی بەئاسانی بەسەر دادێت و نوێ دەکرێتەوە، هەروەها فەرهەنگی ئەلیکترۆنی ((فەرهەنگێکی دانراوە تۆمارکراوە بە زمانێک یان چەند زمانێکی دیاریکراو لەسەر هاردی کۆمپیوتەر، مۆبایل، تابلێت، دیڤیدی (DVD)، سیدی (CD)، فلاش میمۆری.... هتد.)). (عثمان، علی حمد، ٢٠١٦، ١٢) وەک هەر جۆرە فەرهەنگێکی تر وشەی تێدا تۆمار دەکرێت، بەڵام لەناو ئامێری جیاواز وشەکان تۆماردەکرێن، بۆیە پێشی دەگوترێت فەرهەنگی ئامێریی.

چەند تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە سەرچاوەکان ئاماژەیان پێکراوە لەوانە:

١. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی کار ئاسانییە، بەخێرای زانیارییەکان دەدات، پێویست ناکات لە کتێبخانەکاندا بە دوایدا بگەڕێین، لەبەر دەستماندا هەیە، لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنەکانەوە ((سانایی پێناسەکانی)) (قبایلی، آمال نزار – و اخرون، ٢٠١٨، ٤٠) ئەم پێناسەیە مەبەستی ئەوەیە بەهۆی فەرهەنگی ئەلیکترۆنیەوە دەتوانین بەئاسانی بە واتای وشەکان و پێناسە و زانیاری لەبارەیانەوە بگەین ، بە خێرایی مەبەستی خۆمان دەستبکەوێت. ((لەبەر ئەوەی زۆر هۆکاری ڕوونکردنەوەی تیادا بەکاردەهێنرێ کە ئەمە وا دەکات زۆر بەئاسانی تێیانبگەین)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو،٤٠) بەهۆی زۆری هۆکارەکانەوە دەتوانین بەئاسانی بە ئامانجەکانمان بگەین، ئەو نموونانەی کە پێماندەدات بابەتەکەمان زیاتر بۆ ڕووندەکاتەوە، لەبەر ئەوەی نموونەکان بە وێنە و زانیارییە زمانییەکانەوە دەدات، بۆیە زیاتر ئاشنای بابەتەکە دەبین.

٢. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی تۆماری دەنگی تێدایە. ((دەربڕینی هەیە، بەکاردێت بە شێوەی نوسینی دەنگی و دەربڕینی دەنگی)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤١) فەرهەنگی ئەلیکترۆنی دەنگێکی تۆمارکراو دادەنێت لە پاڵ وشە و دەستەواژە و ڕستەکان جگە لەمەش شێوازی خوێندنەوەی وشە و دەستەواژە و ڕستەکان دەنوسێت، تەنانەت لە هەندێکیان دەتوانین خۆمان بەدەنگ وشەکە بڵێین نەک بینوسین.

٣. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی هەموو وشەیەک لە خۆدەگرێت. ((گشتگیرە واتە هەموو یەکەکان زمان دەگرێتەوە.)). (دقناتي، فضيلة، ٢٠٢٢، ١٢٣) فەرهەنگی ئەلیکترۆنی گرنگی بە یەکە زمانییەکان دەدات و کۆیان دەکاتەوە.

٤. ئەم فەرهەنگە زۆر بەوردی زانیارییەکان بە خوێنەر دەدات ((ڕوونی و وردی لە گەڕان بەتایبەت لە بابەتە زمانییەکاندا و لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٢٣) فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ پێدانی زانیارییەکان جێگەی متمانەن، چونکە زۆر بەوردی گەڕانەکە بۆ زانیارییەکان ئەنجامدەدرێت.

٥. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە فەرهەنگە ((بەردەوام دەتوانرێ گۆڕانکاری و گەشەپێدانی تێدابکرێ.)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٢٣) بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵگا بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا ئەم جۆرە فەرهەنگە بەرەوپێشدەبردرێت و نوێدەکرێتەوە و باشتر دەکرێت.

### ٣.٣. تایبەتمەندی فەرهەنگی کاغەز

ئەم فەرهەنگە جۆرێکە لە جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە، کە فەرهەنگی تۆمارکراویشی پێدەگوترێت، یەکەم فەرهەنگی کاغەز لەناو کورددا فەرهەنگەکەی (نوبارا بچووکان)ی (ئەحمەدی خانی)یە کە (کوردی: عەرەبی) بووە، ئەم فەرهەنگە تاوەکو ئێستا بە یەکەمین فەرهەنگی کوردی دادەنرێت، بەم جۆرە مێژووی فەرهەنگی کاغەز لە لای کوردی بۆ سەدەی (١٧) دەگەڕێتەوە.

فەرهەنگی کاغەز چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەویش ئەمانەیە:

١. ئەم جۆرە فەرهەنگە دەکرێت ڕەش و سپی یاخود ڕەنگاوڕەنگ بێت ((فەرهەنگێکی بەرجەستەو تۆمارکراوە، قۆناغەکانی تۆمارکردنەکەش، ساڵ بە ساڵ گۆڕاون و بە پێی تێنووس گەشەیان کردووە، وەک لە تۆمارکردنی سەر خشت، بەرد، دار و زەڵەوە بۆ سەر پێستی ئاژەڵ، کاغەز، ئامێری چاپ و هاردەکان)). (عثمان، علی حمد، ٢٠١٦، ١٣)

٢. فەرهەنگی کاغەز پێش فەرهەنگی ئەلیکترۆنی هەبووە، کە لە سەرەتادا لەسەر لەوحە و بەرد و دار نوسراوەتەوە دواتر لەسەر کاغەز نوسراوەتەوە، بە پێی چاپەکەی نوێ دەکرێتەوە، ئەم جۆرە فەرهەنگە لە هەموو بوارێ هەیە وەک: ئابوری، کشتوکاڵ، ڕامیاری، ...تاد. ئەم جۆرە لە هەموو زمانێکدا هەیە، بۆ دروستکردنی ئەم فەرهەنگە پێویستیمان بە کاغەز دەبێت.

٣. فەرهەنگی کاغەز دەکرێت وێنەی تێدابێت بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکە ڕوون بێت، کە ئەم جۆرە فەرهەنگە لە کتێبخانەکان دەستدەکەوێت. هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئێستا دەتوانین بەشێک لە فەرهەنگە کاغەزەکانمان بە شێوەی pdf بەدەستبکەوێت، بەم شێوەیە دەتوانین لەناو مۆبایل و ئامێرەزیرەکەکاندا هەڵیانبگرین.

### ٤.٣. بەراوردکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و فەرهەنگی کاغەز:

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و فەرهەنگی کاغەز لەوەدا هاوبەشن، کە هەردووکیان ئامانجیان پێدانی زانیارییە بەخوێنەر، بەتایبەتی زانیاری زمانی، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی کە جیایدەکاتەوە لەویتریان، کە گرنگترنیان ئەمانەن کە لەخوارەوە ئاماژەمان بۆ کردووە:

١. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی خێراتر و بەئاسانتر زانیارییەکان بەدەستەوە دەدات ، وەک لە فەرهەنگی کاغەز.

٢. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی هەمیشە لەنوێبوونەوەدایە و گەشە و گۆڕانی بەسەردادێت، بەڵام فەرهەنگی کاغەز تەنیا کە چاپی نوێی دەردەچێت، نوێدەکرێتەوە.

٣. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لەناو ئەپڵیکەیشنەکاندان، کە لەناو ئامێرە زیرەکەکاندا هەڵدەگیرێن، وەک لاپتۆپ، مۆبایل، میمۆری،...تاد. بەڵام فەرهەنگی کاغەز بەشێوەی کتێب هەن، لە کتێبخانە هەڵدەگیرێن، هەندێکجاریش بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کراون بە pdfدەتواندرێت لە ئامێرە زیرەکەکاندا هەڵبگیرێن.

٤. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی تەکنەلۆژییە کە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنەوە بەدەستماندەگات، هەندێکیان بە خۆڕاین و هەندێکیان لەڕێگای ناردنی باڵانسەوە دەتوانین بیانکرین، بەڵام فەرهەنگی کاغەز لە کتێبخانە حوکمییەکاندا دەتوانین بە ماوە وەریانگرین بەخۆڕاییە و لە ڕێگای کتێبخانە ئەهلییەکانەوە دەفرۆشرین و بەدەست خوێنەران دەگات.

٥. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی دەنگی تۆمارکراویان تێدایە، کە دەتوانین گوێ لەدەنگەکان بگرین، هەروەها شێوازی خوێندنەوەیان تێدایە، بەڵام فەرهەنگی کاغەز دەنگی تۆمارکراویان تێدا نییە، هەندێکجاریش شێوازی خوێندنەوەی تێدایە، بەڵام کەمترە وەک لە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی.

٦. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە ئێستادا زۆر لە جۆرەکانی نییە و دەستی بۆ نەبراوە،چەند دانەیەکی تایبەتن ئەوانی تر گشتین، بەڵام فەرهەنگی کاغەز لە زۆر لە جۆرەکانی هەیە، سەرەڕای ئەمەش هەم لە جۆری گشتی هەم تایبەتیشی زۆرە.

٧. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە زمانی کوردیدا ناتوانرێت مێژووی سەرەتاکەی بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە بەشێوەی ئەپلیکەیشن بووە، بۆی هەیە هەندێکی لەناوچووبێت، چونکە ئەوانە پێویستیان بە نوێکردنەوە و پارەدانی ساڵانەیە تا بمێننەوە، هیچ سەرچاوەیەکیش نییە، لەیەکەم ڕۆژەوە تا ئێستا هاتبێت تۆماریکردبن یاخود باسیکردبن، بەڵام دەتوانین مێژووی فەرهەنگی کاغەز بەوردی دیاریبکەین، چونکە بەشێوەی نوسین بووە و بەتایبەتی بەشێوازی شیعر بووە، بۆیە پارێزراوتر بووە.

٨. لە کاتێکی درەنگتر فەرهەنگی ئەلیکترۆنی دەرکەوتووە، دوای فەرهەنگی کاغەز هاتووەتە ئاراوە.

### ٥.٣. فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانی زمانی کوردی:

لەم بابەتەدا باس لە دەرکەوتنی یەکەم فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و ئەوانی دواتر کە بەرهەمهاتوون دەکرێت، کە لێرەدا ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانەی لەناو زمانی کوردیدا هەن، بە پێی مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانیان خستوومانەتە ڕوو ئەو زانیارییانەی کە لەسەر ئەو فەرهەنگانەش دراون بەشێکیان فەرهەنگەکان خۆیان داویانە و بەشەکەی تریشی لەئەنجامی دابەزاندن و بەکارهێنانیان پێیانگەیشتووین :

| ژ | فەرهەنگ | کورتەیەک دەربارەی فەرهەنگەکان |
| --- | --- | --- |
| ١. | فەرهەنگی دیاکۆ Telerik-IT Solution تەلەریک | فەرهەنگی دیاکۆ، لەلایەن (ئاراس و دیاکۆ)دانراوە، کەسەربەگروپی زانستپەروەرانی کوردن. دووجار لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە (٢٠٠٩-٢٠١١)، لە (١٢٧٠٠٠)وشە پێکهاتووە، لە نێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردی-سۆرانی:ئەڵمانی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە ، وێنەی نییە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| ٢. | WQFerheng | فەرهەنگی (WQFerheng)، لەلایەن (Fatih Aydin)، ساڵی(٢٠١٢)دانراوە، ساڵی (٢٠١٩)نوێکراوەتەوە،(٥٠٠٠٠٠)وشە لەخۆدەگرێت، (٢٩٥) زمانی تێدایە، زاری کوردی-(سۆرانی: بادینی) تێدایە، بەڕێنووسی (عەرەبی، لاتینی)ە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، بەڵام شێوازی خوێندنەوەکە دەنوسێت، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| ٣. | English To Kurdish Dictionary | فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، لەلایەن (Veri Greeting)، ساڵی (٢٠١٢) دانراوە، لە زمانی (ئینگلیزی:کوردییە-بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆنلاینە. |
| ٤. | Kurdish Dictionary & Translato EVOLLY.APP Contains ads • In-app purchases | فەرهەنگی کوردی، لەلایەن (EVOLLY. APP) ، ساڵی (٢٠١٣) دانراوە، ساڵی (٢٠٢٢) نوێکراوەتەوە، زمانی (کوردی-سۆرانی: عەرەبی: ئینگلیزی) ، بەڕێنووسی عەرەبییە، بێ وێنەیە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی بە نوسین داوە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| ٥. | Karzan Dict | فەرهەنگی کارزان، لەلایەن(Kurd App Dev)، ساڵی (٢٠١٣)دانراوە، ساڵی(٢٠١٨) نوێکراوەتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە نێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردییە-سۆرانی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، بەڵام زمانەکانی (عەرەبی،فارسی، تورکی، فەرەنسی، ئەلمانی، چینی) تێدایە، وشە کوردی:ئینگلیزی (٤٠٠٠٠)وشە تێدایە، تۆماری دەنگی تێدایە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بەشی ئینگلیزی:کوردیی (٦٤٠٠٠)وشەی تێدایە، تۆماری دەربڕینی دەنگی تێدایە، بە ڕیکلامکردن بۆ ماوەی١٠ خولەک چالاک دەکرێت، بێ وێنەیە، بەپارەیە، ئۆنلاینە. |
| ٦. | Ribaz En-Ku Dic 1.2 | فەرهەنگی ڕێباز، لەلایەن ڕێباز کۆیی و سەعدوڵڵا نێت دانراوە، سەربە (ڕوکار گروپ)ن ، ساڵی (٢٠١٣)دروستکراوە،(٤٠٠٠٠) وشە لەخۆدەگرێ ، لەنێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردی)یە، تۆماری دەربڕینی دەنگی لەگەڵە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە ، تەنها گوێگرتن لە دەنگەکان ئۆنلاینە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| ٧. | Tishk Dict | فەرهەنگی تیشک کوردی، لەساڵی(٢٠١٥)دانراوە،(٥٠٠٠٠)وشە لەخۆدەگرێت، زمانەکان (عەرەبی، فەرەنسی، ئەلمانی، ئینگلیزی، کوردی-سۆرانی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە ، بێ وێنەیە، بۆ بەکارهێنانی دەبێت (٢٠٠٠ )دینار بنێرێت، ئۆفلاینە. |
| ٨. | Qallam Dict | فەرهەنگی قەڵەم، لەلایەن(KurdAppDev)، ساڵی (٢٠١٥)دانراوە، ساڵی (٢٠٢١) نوێکراوەتەوە، لە نێوان زمانی (کوردی-سۆرانی:عەرەبی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، کە کوردی:عەرەبییەکەی (٤٨٠٠٠) وشە لەخۆدەگرێت، عەرەبی:کوردی (٦١٠٠٠) وشە لەخۆدەگرێ، ٣٠٪ ، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە ، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| ٩. | Kurdish Sorani English Translator | فەرهەنگی کوردی(سۆرانی) بۆ ئینگلیزی، لەلایەن (Theweb value) دانراوە، ساڵی (٢٠١٥) دانراوە، ساڵی (٢٠١٧) نوێکراوەتەوە، لەنێوان زمانی (ئینگلیزی: کوردیی-سۆرانی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسیوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆنلاین. |
| ١٠. | Vejin Dictionary | فەرهەنگی ڤەژین: ئەم فەرهەنگە، لەلایەن ( Khosrov Boloorian)، ساڵی (٢٠١٥)دانراوە، ساڵی(٢٠٢٠) نوێکراوەتەوە، لە نێوان زمانی (کوردی-سۆرانی:فارسییە)، بەشێکی تری تێدایە (کوردی:کوردییە)، بەشێکی تریشی تێدایە (کوردی: کوردی : فارسی)، بە ڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسیوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| ١١. | Fast Dict | فەرهەنگی فاست، پارێزراوە لەلایەن (www.KurdAppev.com)، ساڵی (٢٠١٥)دانراوە، ساڵی (٢٠٢١)نوێکراوەتەوە، (٦٤٠٠٠) وشە لە خۆدەگرێت، لە نێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردی-سۆرانی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، بەچەند شێوازێک دەتوانین بەدوای وشە دا بگەڕێین (نوسین، کامێرە، وێنەی ناو ئامێرەکە، دەنگ، ڤیدیۆ)، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، وێنەی هەیە، پێویستە (٢٠٠)دینار بنێرین بۆ بەرنامەکە بۆ کارابوون، ئۆفلاینە. |
| ١٢. | Kurdish(Behdini) Dictionary | فەرهەنگی کوردی-بادینی، ساڵی (٢٠١٥)دانراوە، ساڵی (٢٠٢٢)نوێکراوەتەوە، لە نێوان زمانی (ئینگلیزی:عەرەبی:کوردی-بادینی)، بەڕێنووسی (لاتینی و عەرەبی)ە،(٢٠٢٠١)وشە لەخۆدەگرێت، وەرگێرانی ژمارەی تێدایە بەنوسین و بەژمارە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |

| | | |
|---|---|---|
| .١٣ | Shwan Dic<br>Shwan Dictionary | فەرهەنگی شوان، لەلایەن (شوان عبدالرحمان انور)، لەساڵی(٢٠١٦) دانراوە، ساڵی (٢٠١٩)نوێکراوەتەوە، زیاتر لە (٦٥٠٠٠) وشەی تێدایە، لەنێوان زمانی(کوردی-سۆرانی: ئینگلیزی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، دەنگی تۆمارکراوی تێدایە، شێوازی خوێندنەوەی نوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .١٤ | Shwan Drug Dictionary | فەرهەنگی دەرمانی شوان، لەلایەن (شوان عبدالرحمان انور) لەساڵی(٢٠١٦) دانراوە، لەساڵی (٢٠٢٠)نوێکراوەتەوە، فەرهەنگێکی پزیشکییە، زمانەکان(عەرەبی، فەرەنسی، ئەلمانی، ئینگلیزی، کوردی)، (١٠٠٠) دەرمانی لەخۆدەگرێت، کە زانیاری تەواو دەدات لەبارەی دەرمان، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .١٥ | Kurdish Arabic Dict.<br>Eli Navishki | فەرهەنگی کوردی:عەرەبی، لەلایەن (Ali Naviski)، لەساڵی (٢٠١٦)دانراوە، لەساڵی (٢٠٢٠)نوێکراوەتەوە، لە نێوان زمانی (کوردی-(کرمانجی و بادینی):عەرەبییە)، بەڕێنووسی عەرەبییە، نوسینەکان بە ڕەنگی جۆراوجۆر نوسراونەتەوە ، تۆماری دەربڕینی دەنگی نیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوەتەوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .١٦ | Kurdistan Dictionary<br>SendBo Inc.<br>Contains ads | فەرهەنگی کوردستان، لەلایەن (ڕێباز)لە پرۆژەی ( WWW.SENDBO.COM)، ساڵی (٢٠١٦)دانراوە، (٦٠)هەزار وشە لەخۆدەگرێت، لەنێوان زمانی (کوردی-سۆرانی:ئینگلیزی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، زانیاری تەواو لەبارەی وشە دەدات، تەنانەت نموونە دەهێنێتەوە دەیکاتە ناو ڕستە، بەشی تاقیکردنەی هەیە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نوسراوە، بێ وێنەیە، بۆ کاراکردن دەبێت (٢٠٠٠)دینار بۆ ژمارەکانیان بنێرین، ئۆفلاینە. |
| .١٧ | English To Kurdish Dictionary<br>TransVeera Infotech<br>Contains ads | فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، لەلایەن(Transveera Infotech)، ساڵی (٢٠١٦)دانراوە، ساڵی (٢٠٢١)نوێکراوەتەوە، لە زمانی (ئینگلیزی:کوردییە-بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .١٨ | English To Kurdish Dictionary<br>xw infotec<br>Contains ads | فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، لەلایەن (XW infotec)، ساڵی (٢٠١٦)دانراوە، ساڵی (٢٠٢٢)نوێکراوەتەوە، (ئینگلیزی:کوردی-بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .١٩ | Kurdish Arabic Tra... | فەرهەنگی کوردی بۆ عەرەبی، لەلایەن (XW infotec)، ساڵی (٢٠١٦)دانراوە، ساڵی (٢٠٢٢)نوێکراوەتەوە، زمانی (کوردی-بادینی:عەرەبی)، بەڕێنووسی لاتینە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نیە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٢٠ | English To Kurdish Dictionary | فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، ساڵی (٢٠١٦)دانراوە، زمانی (ئینگلیزی:کوردی-بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٢١ | English To Kurdish Dictionary<br>Vaniinfo Solution<br>Contains ads<br>Dictionary | فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، لەلایەن (Vani info solution)، ساڵی ( (٢٠١٦))دانراوە، لە نێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردی-بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی تێدایە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٢٢ | English To Kurdish Dictionary<br>Pathinfo Solution<br>Contains ads | فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، لەلایەن (path info solution)، ساڵی( ٢٠١٦ )دانراوە، لە نێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردی-بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی تێدایە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٢٣ | E - K<br>Ararat Dict<br>AraratDictionary | فەرهەنگی ئارارات، لەلایەن (Yousif Arshak)، ساڵی (٢٠١٦)دانراوە، ساڵی (٢٠٢٠) نوێکراوەتەوە، زیاتر لە (٧٨٠٠٠)وشە لەخۆدەگرێت، لە نێوان زمانی (کوردی-بادینی:ئینگلیزییە)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بە وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٢٤ | Kurdish Latin-Arabic Converter<br>Abraham J | فەرهەنگی کوردی-لاتینی:عەرەبی، ساڵی (٢٠١٦)دانراە، لەناو زمانی کوردییە بەڕێنووسی (لاتینی و عەرەبی) بۆ یەکدی وەردەگێڕێت، وشە و ڕستە وەردەگێرێت، تۆماری دەربڕینی دەنگی نیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٢٥ | English to Kurdish Dictionary<br>Beats Tech<br>Contains ads | فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، لەلایەن (Beats Tech)، ساڵی (٢٠١٧)دانراوە، لە نێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردی-بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی تێدایە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٢٦ | فەرهەنگی شوان<br>shwan kdl | فەرهەنگی شوان، لەلایەن (شوان عبدالرحمان انور) دانراوە، لەساڵی (٢٠١٧) دانراوە، لەساڵی (٢٠١٩) نوێکراوەتەوە، (٦٥هەزار) وشە لەخۆدەگرێ، لەنێوان زمانی (عەرەبی:کوردییە-سۆرانی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٢٧ | English To Kurdish Dictionary<br>VB Nexcod<br>Contains ads | فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، ساڵی (٢٠١٧)دانراوە، زمانی (ئینگلیزی:کوردی-بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٢٨ | English Kurdish Dictionary<br>Bede Products • Travel & Local<br>2.0 MB 1K+ | ئەم فەرهەنگانە ساڵی (٢٠١٧)دانراون، هەر یەکە لەم فەرهەنگانە هەمان تایبەتمەندیان هەیە، بەڵام زمانەکانیان لەیەکتر جیاوازە، لەگەڵ زمانی کوردیدان، ڕەنگی جۆراوجۆری تێدا بەکاردێت، هەریەکێکیان(١٥٠٠) وشە لەخۆدەگرێت، بەڕێنووسی |
| .٢٩ | Turkish Kurdish Dictionary<br>Bede Products<br>Contains ads | |

| | | |
|---|---|---|
| .٣٠ | Persian Kurdish Dictionary<br>Bede Products<br>Contains ads | لاتینین، تۆماری دەربڕینی دەنگیان هەیە، شێوازی خوێندنەوەیان نەنوسراوە، وێنەیان تێدایە، بەخۆڕایین، ئۆنلاینن. |
| .٣١ | Arabic Kurdish Dictionary<br>Bede Products • Travel & Local<br>3.7★ 2.1 MB 10K+ | |
| .٣٢ | Rebin Dict+ | فەرهەنگی ڕێبین، لەلایەن (ڕێبین علی)دانراوە، لەساڵی (٢٠١٨)دانراوە، لەساڵی (٢٠٢٠) نوێکراوەتەوە، کە نزیکەی (٨٠)هەزار وشە و ڕستە و نزیکەی(١٠٠)گفتوگۆ، لەنێوان زمانەکانی (ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی)تێدایە، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نوسراوە، بێ وێنەیە، دەبێت (٣٠٠٠)دینار بۆ بنێرین بۆ کاراکردن، ئۆفلاینە. |
| .٣٣ | Hazhir Dictionary<br>Dwrandaz<br>Contains ads | فەرهەنگی هەژیر، لەلایەن (هەژیر عبدالله پوور) دانراوە، ساڵی (٢٠١٨)دانراوە، ساڵی (٢٠٢٠)نوێکراوەتەوە، لەنێوان زمانی (کوردی-سۆرانی:فارسی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، نزیکەی (٥٦٠٠٠)وشەی فارسی و (٦٠٠٠٠)وشەی کوردی و (٦٠٠٠)ڕستەی کوردی و فارسی تێدایە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٣٤ | Nabaz Drug Dictionary<br>Nabaz Majid | فەرهەنگی نەبەز، لەلایەن (نەبەز مەجید) دانراوە، لە ساڵی (٢٠١٩)دانراوە، بە زمانی (کوردی-سۆرانی:عەرەبی:ئینگلیزییە)، بەڕێنووسی عەرەبییە، کە فەرهەنگی پزیشکییە ، سێ بەشی تێدایە (دەرمان، نەخۆشی، گروپی دەرمان)، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بە وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٣٥ | Dictionary Tahsin<br>Tahsin Editor<br>Contains ads | فەرهەنگی تەحسین، لەلایەن (تەحسین عزیز تەها) دانراوە، ساڵی (٢٠١٩)دانراوە، ساڵی (٢٠٢٠)نوێکراوەتەوە، ئەم فەرهەنگە لەنێوان (عەرەبی:کوردییە) و (کوردی:عەرەبی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، زیاتر لە ٤٠هەزار وشە لەخۆدەگرێت، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٣٦ | Shallaw Lab Dictionary<br>shwan kdl | فەرهەنگی شالاو، لەلایەن (شوان عبدالرحمان انور، شالاو قەڵادزێی)، ساڵی (٢٠١٩)دانراوە، بە زمانی ( ئینگلیزی:کوردی-سۆرانی) فەرهەنگێکی پزیشکییە، بەڕێنووسی عەرەبییە، زانیاری لەبارەی تاقیگە پزیشکییەکان دەدات، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بە وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٣٧ | Ferbun Dict \| فەرهەنگا فێربوون<br>Apkku<br>Contains ads | فەرهەنگی فێربوون، لەلایەن (KURD BOX)، ساڵی (٢٠١٩)دانراوە، ساڵی(٢٠٢١) نوێکراوەتەوە، لەنێوان زمانی (کوردی-بادینی:ئینگلیزییە)، بەڕێنووسی (عەرەبی، لاتینی)ە، تۆمارکراوی دەنگی تێدایە، ٤٥٠٠٠ وشە لەخۆدەگرێت، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆنلاینە. |
| .٣٨ | Karzan Advanced Dictionary<br>کار<br>KurdAppDev<br>In-app purchases | فەرهەنگی پێشکەوتووی کارزان، لەلایەن ( Kurd App Dev)، ساڵی (٢٠١٩)دانراوە، ساڵی (٢٠٢٢)نوێکراوەتەوە، لەنێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردییە-سۆرانی)، بەشی ئینگلیزی:کوردییەکەی (١١٠٠٠) وشە تێدایە، بەشی کوردی:ئینگلیزییەکەی (٨٠٠٠) وشەی تێدایە، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆمارکراوی دەنگیان هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نوسراوە، بێ وێنەیە، ئەم فەرهەنگە ٪٣٠ بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٣٩ | فەرهەنگی زانستی کورد<br>muhammad sirwan | فەرهەنگی زانستی کوردی، لەلایەن(زانیار عادل، ڕەنج سەمەد)، لەساڵی (٢٠٢٠)بڵاوکراوەتەوە، ، لە زمانی (ئینگلیزی: کوردییە-سۆرانی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، (١١٠٠) وشە لەخۆدەگرێ، کە جگە لەپێدانی واتای وشەکان بەهەردوو زمان پێناسەیەک بۆ وشەکانیش دەکات، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٤٠ | Kurd Dictiona فەرهەنگی کوردی<br>Kurd Point<br>Contains ads | فەرهەنگی کوردی، ساڵی (٢٠٢٠)دانراوە، (٨٠هەزار)وشە لەخۆدەگرێت، لە نێوان زمانی کوردی-سۆرانی: (ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئەڵمانی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی تێدایە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، لە ٪٢٠ بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٤١ | فەرهەنگی هەردی<br>HardiB.Salih<br>Contains ads | فەرهەنگی هەردی، لەلایەن Hardi B. Salih دانراوە، لەساڵی (٢٠٢٠) بڵاوکراوەتەوە، لەنێوان زمانی کوردی-سۆرانی: (ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، تورکی، سویدی، ڕووسی، ئەڵمانی، فەرنسی، ئیسپانی) ، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نوسراوە، بە وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە . |
| .٤٢ | Zar Dictionary | فەرهەنگی زار، لەلایەن (Jiasaz Company)یەوە، لە ساڵی (٢٠٢٠)دانراوە، لە ساڵی(٢٠٢٣) نوێکراوەتەوە، بە زمانی (ئینگلیزی: کوردیی سۆرانییە)، بەڕێنووسی (عەرەبی)یە، ١٥٠٠٠ وشە لەخۆدەگرێت، پشت بە فەرهەنگی Longmanبەستراوە وەک بناغەیەک. تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە،بۆ هەردوو جۆر دەربڕینی ئینگلیزی ئەمریکی و بەریتانی، شێوازی خوێندنەوەی وشەکانیش نوسراوە، وێنەی تێدایە، بەپارەیە، ئۆنلاینە. |
| .٤٣ | Arabic Kurdish Dictionary<br>NerdCats<br>Contains ads | ئەم فەرهەنگانە هەرهەموویان لە ساڵی (٢٠٢١)دانراون، لەلایەن Nerd cats ئەم فەرهەنگانە هەمان تایبەتمەندی یەکتریان هەیە، بەڵام زمانی سێیەمیان جیاوازە، زمانی عەرەبی یان زمانی ڕووسی یان زمانی پونجابیە هتد، کەواتە بەگشتی لە نێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردیی-بادینی)یە: لەگەڵ یەکێک لەم زمانانەدا وەک: (عەرەبی، ڕووسی، پونجابی، بەنگلادشی،چینی،ژاپۆنی)، هەموویان هەمان تایبەتمەندییان هەیە، بەڵام هەریەکەیان ئەپلیکەیشنێکی سەربەخۆن، هەموویان بەڕێنووسی لاتینییە، نە تۆماری دەربڕینی دەنگیان هەیە، نەشێوازی خوێندنەوەیان نوسراوە، وێنەیان تێداهەیە، بەخۆڕایین، ئۆفلاینن. |
| .٤٤ | Russian Kurdish Dictionary<br>NerdCats<br>Contains ads | |
| .٤٥ | Punjabi Kurdish Dictionary<br>NerdCats<br>Contains ads | |
| .٤٦ | Bangla Kurdish Dictionary<br>NerdCats<br>Contains ads | |
| .٤٧ | Chinese Kurdish Dictionary<br>NerdCats | |
| .٤٨ | Japanese Kurdish Dictionary<br>الكتب والمراجع • NerdCats | |

| | | |
|---|---|---|
| .٤٩ | English Kurdish-Sorani Lite<br>Theme Arts<br>Contains ads | فەرهەنگی ئینگلیزی:کوردی، ساڵی (٢٠٢١)دانراوە، لە نێوان زمانی (ئینگلیزی:کوردیی-سۆرانی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٥٠ | Kurdish English Pro (Sorani)<br>Theme Arts | فەرهەنگی ئینگلیزی:کوردی، ساڵی (٢٠٢١)دانراوە، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی نییە، بێ وێنەیە، دەبێت(٢٠٠٠)دینار باڵانس بنێرین بۆ ئەپلیکەیشنکە، بۆ کارابوون، ئۆفلاینە. |
| .٥١ | English To Kurdish Dictionary<br>PH Solution<br>Contains ads | فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، ساڵی (٢٠٢١)دانراوە، لە زمانی (ئینگلیزی:کوردیی- بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسیوە، بێ وێنەیە،بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٥٢ | ترجمة كردي عربي عراقي وفصحى<br>AH-DEV<br>Contains ads | فەرهەنگی کوردی:عەرەبی، ساڵی (٢٠٢١)دانراوە، (٦٠٠٠)وشە لەخۆدەگرێت، لە نێوان زمانی (کوردیی-سۆرانی:عەرەبییە)، وەرگێرانەکە بۆ (جلف، فوسحەیە)، بەڕێنووسی عەرەبییە، شێوازی خوێندنەوەکەی دەنوسرێت، تۆماری دەربڕینی دەنگی نییە، شێوازی خوێندنەوەی نوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٥٣ | KU - FA DIC<br>مترجم & قاموس الفارسية الكردي<br>(76) ★ 2.9 | ئەم فەرهەنگانە لەلایەن (Arad soft)، ساڵی (٢٠٢١)دانراون، لە نێوان زمانی (کوردی بادینی:زمانی تر)، هەریەکەیان زیاتر لە (٣٠٠٠٠)وشەیان تێدایە، بەڕێنووسی لاتینییە، تەنیا لەم (٨) میاندا زمانی کوردی تێدایە، جگە لەم(٨) ئەپلیکەیشنانە (٩٥) ئەپلیکەیشنی تریش هەن وەک فەرهەنگ دروستکراون،کە کۆی گشتی(١٠٣) ئەپلیکەیشنن، بەڵام بە زمانانی تر وەک: هیندی، ئەلمانی، ئەرمەنی، ئیتاڵی، ئینگلیزی،...تاد. ئەم (٨) دانەیان کە زمانی کوردیان تێدایە، تۆماری دەربڕینی دەنگیان هەیە، بەڵام شێوازی خوێندنەوەیان نەنوسراوە، بێ وێنەن، بەخۆڕایین و ئۆنلاینن. |
| .٥٤ | KU - AR DIC<br>Kurdish - Arabic Dictionary &<br>(10) ★ 4.2<br>Books & Reference | |
| .٥٥ | KU - TR DIC<br>مترجم & قاموس التركية الكردية<br>(11) ★ 3.2 | |
| .٥٦ | KU - KO DIC<br>مترجم & قاموس الكورية الكردية<br>(1) ★ 3.0 | |
| .٥٧ | KU - MT DIC<br>مترجم & قاموس المالطية الكردي<br>(0) ★ 0.0 | |
| .٥٨ | KU - VI DIC<br>مترجم & قاموس الفيتنامية الكر<br>(0) ★ 0.0 | |
| .٥٩ | KU - UR DIC<br>مترجم & قاموس الأردية الكردية<br>(0) ★ 0.0<br>الكتب والمراجع | |
| .٦٠ | Dictionary DIC<br>قاموس جميع اللغات (Dic1)<br>(12) ★ 4.3 | |
| .٦١ | Kurdish To English Dictionary<br>PH Solution<br>Contains ads | فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی، ساڵی (٢٠٢٢)دانراوە، لە زمانی (کوردی-بادینی:ئینگلیزییە)، بەڕێنووسی لاتینییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە،بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٦٢ | Sorani Kurdish Dictionary<br>CoderKnacks<br>Contains ads | فەرهەنگی کوردی سۆرانی ، ساڵی (٢٠٢٢)دانراوە، لەزمانی (ئینگلیزی:کوردی-بادینی)، بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بی وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٦٣ | English To Kurdish Dictionary<br>CoderKnacks<br>Contains ads | فەرهەنگی ئینگلیزی کوردی، ساڵی (٢٠٢٢)دانراوە، لەزمانی (ئینگلیزی:کوردی-بادینی)، بەڕێنووسی لاتینییە، (١٠١٠٠)وشە لەخۆدەگرێت،تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆفلاینە. |
| .٦٤ | Google Translate<br>Google LLC | وەرگێرانی گۆگڵ: لە (٢٠٢٣) نوێکراوەتەوە، لە نێوان(١٠٨) زمان وەرگێران دەکات، ڕێنووسی عەرەبی و لاتینییە ،کە دەق و ڕستە و وشە و وێنە و دەتوانین دەنگیش دابنێین بۆمان وەدەگێرێت بۆ ئەو زمانەی کە دەمانەوێت. تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نەنوسراوە، بێ وێنەیە، بەخۆڕاییە، ئۆنلاینە. |

### ٦.٣. تایبەتمەندی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی کوردی:

فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانی زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی تر تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە چەند خاڵێکدا کۆکراونەتەوە، لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی لەکاتی توێژینەوە لەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانە دەستمانکەوتن، ئەمانەن:

١.یەکەمین فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە ناو زمانی کوردیدا (فەرهەنگی دیاکۆ)یە هی ئاراس و دیاکۆیە کە لەساڵی (٢٠٠٩) بەرهەمهێنراوە، فەرهەنگێکی (کوردی: ئینگلیزی: ئەڵمانی)یە. کە ئەو کەسانەی بەرهەمیان هێناوە سەربەگروپی زانستپەروەرانی کوردن.

٢. لەڕووی جۆری فەرهەنگەوە، بەگشتی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانی زمانی کوردی فەرهەنگی گشتین ٩٥.٣٪کە ڕۆڵێکی کارایان هەیە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم ئەو فەرهەنگانە تایبەتین٤.٧٪، کە ئەمانیش تەنیا لە بواری پزیشکین نەک

| فەرهەنگی ئەلیکترۆنی | فەرهەنگی گشتی | فەرهەنگی تایبەتی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەیان | ٦١ | ٣ | ٦٤ |
| ڕێژەیان | ٪٩٥.٣ | ٪٤.٧ | ٪١٠٠ |

بواری زانستەکانی تر:

٣. لە ڕووی ئاماژەدان بە ژمارەی وشەکانی ناو فەرهەنگەکان: دەبینین ئەو فەرهەنگانە کە ئاماژەیان بە ژمارەی وشەکانیان داوە کە لە فەرهەنگەکانیان دا تۆماریان کردووە ڕێژەیان بریتییە لە ٥٣٪، ئەو فەرهەنگانەشی ئاماژەیان بەژمارەی وشەکانیان نەداوە ٤٧٪ ە.

| فەرهەنگی ئەلیکترۆنی | ئاماژەدان بە ژمارەی وشەکانی | ئاماژەنەدان بە ژمارەی وشەکانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەیان | ٣٤ | ٣٠ | ٦٤ |
| ڕێژەیان | ٪٥٣ | ٪٤٧ | ٪١٠٠ |

٤. لە ڕووی زمانەوە: فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان لەئێستادا زیاتر جووت زمانین بە ڕێژەکەی٧٥٪ ، هەروەها فەرهەنگە ئەلیکترۆنییە فرە زمانییەکانیش ڕێژەیان ٢٥٪ یە. هەوڵی دروستکردنی فەرهەنگێکی سەربەخۆی (کوردی:کوردی)  واتە تاکزمانی نەدراوە.

| فەرهەنگی ئەلیکترۆنی | جووت زمانی | فرە زمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەیان | ٤٨ | ١٦ | ٦٤ |
| ڕێژەیان | ٪٧٥ | ٪٢٥ | ٪١٠٠ |

٥. لە ڕووی ڕێنووسەوە: ڕێژەی ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنیانەی کە ڕێنووسی لاتینیان بەکارهێناوە بۆ نوسینی وشە کوردییەکان زیاترە لەوانەی کە ڕێنووسی عەرەبیان بەکارهێناوە، ڕێژەی ئەو فەرهەنگانەی کە ڕێنووسی لاتینیان بەکارهێناوە ٥١.٦٪ ە، ئەوانەی ڕێنووسی عەرەبیان بەکارهێناوە ٤٠.٦٪ە، ئەوانەشی کە هەردوو ڕێنووسیان بەکار هێناوە  ٧.٨٪ ە.

| فەرهەنگی ئەلیکترۆنی | ڕێنووسی لاتینی | ڕێنووسی عەرەبی | هەردوو ڕێنووسی تێدایە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەیان | ٣٣ | ٢٦ | ٥ | ٦٤ |
| ڕێژەیان | ٪٥١.٦ | ٪٤٠.٦ | ٪٧.٨ | ٪١٠٠ |

| فەرهەنگی ئەلیکترۆنی | تۆماری دەنگی 🔊 | شێوازی خوێندنەوەی // یان [ ] | بوونی تۆماری دەنگی و شێوازی خوێندنەوەی | بێ تۆماری دەنگی و شێوازی خوێندنەوەی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەیان | ٣٧ | ٣ | ٧ | ١٧ | ٦٤ |
| ڕێژەیان | ٪٥٧.٨ | ٪٤.٧ | ٪١٠.٩ | ٪٢٦.٦ | ٪١٠٠ |

٦.لە ڕووی دەربڕینەوە: ((لە فەرهەنگەکاندا،  گۆکردن ئاماژەی پێکراوە بە ئەلفوبێی جیهانی (IPA) بە هۆی دوو هێڵی لار//[١]بە شێوەیەکی زۆر فراوان ئاماژەیان بە نووسینی دەنگ (فۆنەتیکی)داوە.)) (Halliday,2007:8)  کەسەرەتا ئەمە بۆ فەرهەنگی کاغەز بەکاردەهات، بەڵام لە ئێستادا بۆ فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانیش دەبینرێ، سەرباری ئەوەی دەتوانرێت گوێبیستی دەربڕینی وشەکان ببین تەنیا بەداگرتنی ئەم هێمایە 🔊، دەتوانین بڵێین بە ڕێژەی ٥٧.٨٪ ی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان تۆماری دەنگیان 🔊 هەیە بۆ وشەکان، ڕێژەی ٤.٧٪ ی شێوازی خوێندنەوەی وشەکانیان بەنوسین بەشێوازی ئەلفوبێی جیهانی (IPA)داناوە ، ڕێژەی ١٠.٩٪ یش هەم تۆماری دەنگیان هەیە، هەم شێوازی خوێندنەوەکەی بە نوسین دراوە، بەڵام ڕێژەی ٢٦.٦٪ ی نە تۆماری دەنگیان هەیە، نەشێوازی خوێندنەوەکەی بە نوسین دراوە.

٧. لە ڕووی بەکارهێنانی وێنەوە: ((گرنگی و بایەخی وێنە لەوە دایە هەندێکجار ئەو واتایەی بە وێنەیەک ڕووندەکرێتەوە دەیان ڕستە ناتوانن شوێنی بگرنەوە. بۆ نموونە وشەیەکی فۆلکلۆری لە فەرهەنگێکدا، ئەگەر وێنەی شتەکە چ کێشرابێت یا گیراوبێت، ئەمە یارمەتیدەرێك دەبێت بۆ ئەوەی دووربکەوینەوە، لەوەی کە بە چەندین ڕستە واتای ئەم وشەیە لێکبدرێتەوە، کە لەوانەیە ئەم ڕستانەش هێشتا توانای گەیاندنی مەبەستەکەشیان بەتەواوی هەر نەبێت.))(مراد،میدیا،٢٢٨،٢٠٢١-٢٢٩) لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان بە ڕێژەیەکی کەم  وێنەیان بەکارهێناوە  کە ڕێژەیان ٢٥ ٪ و بە ڕێژەی ٧٥٪ وێنەیان بەکارنەهێناوە.

[١] لە ئێستادا چۆنییەتی دەربڕینی وشەکە لە بڕی  ئەوەی بخرێتە دوو هێڵی لار//  لە نێو جووتە کەوانەیەکی لەم شێوەیە [ ] دادەنرێت.


٨. لەرووی داراییەوە: ئەم فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانە لەناو زمانی کوردیدا هەن تا ئێستا زۆرینەی زۆری پێویستی بە کڕین نییە، جارێ خراوەتە بازار بێ بەرامبەر و بڕێکی کەمیان نەبێ پارەیەکی کەم داوادەکرێت تا کارا بکرێن، واتە بە ڕێژەی ٨٩٪بەخۆراین، بەڵام بە ڕێژەی ١١٪بەپارەن. کە دەکرێت لەداهاتوودا وەک بازاڕێکی کار ئیشی لەسەربکرێ و پەرەی پێبدرێت و پشت بەداهاتەکەی ببەسترێت.

| فەرهەنگی ئەلیکترۆنی | بەخۆرایی | بە پارە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەیان | ٥٧ | ٧ | ٦٤ |
| ڕێژەیان | ٪٨٩ | ٪١١ | ٪١٠٠ |

| فەرهەنگی ئەلیکترۆنی | ئۆفلاین | ئۆنلاین | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەیان | ٤٦ | ١٨ | ٦٤ |
| ڕێژەیان | ٪٧٢ | ٪٢٨ | ٪١٠٠ |

٩. لە ڕووی ئۆفلاین و ئۆنلاینەوە: فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان لەناو زمانی کوردیدا ڕێژەی هەرە زۆری بەبێ هێڵی ئینتەرنێت دەتوانرێن بەکاربهێنرێن ٧٢٪ ئۆفلاینە، بەڵام ڕێژەی ٢٨٪ ئۆنلاینە واتە ئەگەر هێڵی ئینتەرنێت نەبێت کارناکەن. کە واباشترە بۆ بەکارهێنەر ئەم فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانە بێ هێڵی ئینتەرنێت کار بکەن، تا ئەو شتە لابەلایانەی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دێن سەرقاڵیان نەکات،

| فەرهەنگی ئەلیکترۆنی | وێنەیان بەکارهێناوە | وێنەیان بەکارنەهێناوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەیان | ١٦ | ٤٨ | ٦٤ |
| ڕێژەیان | ٪٢٥ | ٪٧٥ | ٪١٠٠ |



**٤. ئەنجام و پێشنیاز:**

**١.٤. ئەنجام:**

١. بەپێی ئەو گەڕان و توێژینەوەیەی ئەنجامانداوە، بۆمان دەرکەوت لەڕووی مێژووی دەرکەوتنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی فەرهەنگی(دیاکۆ) یەکەمین فەرهەنگی ئەلیکترۆنییە لە ناو زمانی کوردیدا لە ساڵی ٢٠٠٩ دا دانراوە، دواتر هەر هەمان فەرهەنگ لە ساڵی ٢٠١١نوێکراوەتەوە، فەرهەنگە فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانی تر لەدوای ئەم بەپێی تێپەربوونی کات سەریانهەڵداوە و دروستکراون بۆ زمانی کوردی.

٢. بەگشتی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانی زمانی کوردی فەرهەنگی گشتین بە ڕێژەی٩٥.٣٪ ، ڕێژەیەکی کەمیان لەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانە تایبەتین بە ڕێژەی ٤.٧٪کە ئەمانیش لە بواری پزیشکین نەک لە بواری زانستەکانی تر.

٣. لە ڕووی ئاماژەدان بە ژمارەی وشەکانی ناوە فەرهەنگەکەیان: دەبینین ئەو فەرهەنگانە کە ئاماژەیان بە ژمارە داوە ڕێژەیان زیاترە، کە بریتییە لە ٥٣٪ ئەو فەرهەنگانەشی ئاماژەیان بەژمارەی وشەکانیان نەداوە ٤٧٪ ە.

٤. لە ڕووی زمانەوە: فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر جووتزمانین کە ڕێژەی٧٥٪ ، هەروەها فەرهەنگە ئەلیکترۆنییە فرە زمانییەکان ٢٥٪ یە.

٥. لە ڕووی ڕێنووسەوە: ڕێژەی ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانەی کە ڕێنووسی لاتینیان بەکارهێناوە ٥١.٦٪یە، ئەوانەی ڕێنووسی عەرەبیان بەکارهێناوە ٤٠.٦٪یە، ئەوانەشی کە هەردوو ڕێنووسیان بەکارهێناوە ٧.٨٪ یە.

٦. لە ڕووی دەربڕین و خوێندنەوە: فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان ڕێژەی ٥٧.٨٪ تۆماری دەنگیان هەیە، ٤.٧٪ شێوازی خوێندنەوەی وشەکانیان بەنوسین داناوە، ڕێژەی ١٠.٩٪ یش هەم تۆماری دەنگیان هەیە، هەم شێوازی خوێندنەوەکەی بە نوسین دراوە، بەڵام ڕێژەی ٢٦.٦٪ ی نە تۆماری دەنگیان هەیە، نەشێوازی خوێندنەوەکەی بە نوسین دراوە.

٧. لە ڕووی بەکارهێنانی وێنەوە: فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان بە ڕێژەی ٢٥٪ وێنەیان بەکارهێناوە وەکو هۆکارێکی ڕوونکەرەوە ، بەڵام بە ڕێژەی ٧٥٪ وێنەیان بەکارنەهێناوە.

٨. لە ڕووی داراییەوە: ئەم فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانە لەناو زمانی کوردیدا ٨٩٪بەخۆراین، بەڵام ١١٪بەپارەن.

٩. ڕووی ئۆنلاین و ئۆفلاینەوە: فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان لەناو زمانی کوردیدا٧٢٪ ئۆفلاینە، هەروەها ٢٨٪ئۆنلاینە.

**٢.٤. پێشنیاز:**

١. دەتوانرێت لەسەر هەریەکە لەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانەی لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو، توێژینەوەی سەربەخۆیان لەسەر بکرێت و لایەنی ئەرێنی و نەرێنییان دەستنیشانبکرێت و پێشنیازی چاکسازی و بەرەوپێشبردنیان بدرێت.

٢. هەوڵبدرێت فەرهەنگی تایبەتی سەرەڕای بواری پزیشکین بۆ بواری زانستەکانی تریش دابنرێت، بەهەماهەنگی لەنێوان دەرچووانی بەشی کوردی کە بابەتی فەرهەنگسازییان خوێندووە لەگەڵ پسپۆڕانی بەشەزانستییەکانی تر، بەم جۆرە فەرهەنگی تۆکمە و زانستییانە دوور لەکەموکوورِی بەرهەم دێت.

٣. دەکرێت هەر دوو ڕێنووس بۆ وشە کوردییەکان دابین بکرێت، تاکو خەڵک لە هەموو شوێنێکی جیهان و هەموو پارچەکانی کوردستانیش سوودمەندبن لەم جۆرە فەرهەنگانە.

٤. شێوازی دەربڕینی وشەکانی دابنرێت، چونکە ئەمە سوودی دەبێت بۆ قۆناغەکانی خوێندنی دواناوەندی و زانکۆ، تۆماری دەربڕینی دەنگی وشەکانیشی لەگەڵدا هەبێت، تا هەموو چین و توێژ و ئاستەکانی کۆمەڵگاکەمان سوودی لێوەربگرن.

**سەرچاوەکان:**

**کوردی: کتێب:**


- أمین، أمیر محمد (٢٠٢١) زمانەوانی کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی: پیرەمێرد.
- خۆشناو، نەریمان عبدالله (پ. ی. د) (٢٠١٦) زمانەوانی کارەکی، چاپپی یەکەم، چاپخانەی: هێڤی، هەولێر.
- دزەیی، عبدولواحید موشیر (پ. ی. د) (٢٠١٤) لێکسیکۆلۆجی، چاپخانەی: ئامێر، هەولێر.
- زەبیحی، عبدورحمان (١٣٦٧) قاموسی زبانی کوردی، بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی ئینتشاراتی (سەلاحەدینی ئەییوبی).
- شێخ تەیب، شەهاب (٢٠٢١) فەرهەنگسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی: هێڤی، هەولێر.
- عبدالله، ڕۆژان نوردی (٢٠١٣) فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم.
- ع. ع. شەونم (٢٠١٣) فەرهەنگی کورد واتەنی بەرگی(٩) پیتی (م. ن) چاپی یەکەم، چاپخانەی: پیرەمێرد.
- مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠٠٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.
- مراد، میدیا (٢٠٢١) فەرهەنگنووسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی: نارین، هەولێر.


**نامەی ئەکادیمی:**


- خضر، زانا حسن (٢٠١٥) نوێیزم و ئەرکەیزم و هیستۆریزم لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کولێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- سەعید، محمد مەجید (٢٠١٥) فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- عثمان، علی حمد (٢٠١٦) ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران.
- عومەر، شۆخان عەزیز (٢٠١٤) لێکسیکۆلۆژی و هەندێک وشەی چالاک لە فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.


**گۆڤار:**


- حوسێن، تالیب (د.) (٢٠٠١) فەرهەنگی کوردی، گۆڤاری نوسەری نوێ، لا (١٨٣)، ژمارەی (١٩).
- خەزنەدار، مارف (د.) (٢٠٠١) فەرهەنگی کوردی، گۆڤاری نوسەری نوێ، لا (٣١)، ژمارە(١٩).
- علی، جەلال مەحموود (٢٠٠١) فەرهەنگسازی، گۆڤاری نوسەری نوێ، لا (٦٢)، ژمارەی (١٩).
- عمر، تەلان صباح (٢٠١٧) فەرهەنگسازی و ڕۆڵی لە گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی زماندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، لا (٦٦٣)، ژ.(١٣)، کوردستان.
- مەحوی، محمد (د.) (٢٠٠١) وشەنامە و فەرهەنگ، گۆڤاری نوسەری نوێ، لا (١٤٤)، ژمارە (١٩).
- نەبەز، جەمال (د.) (٢٠٠١) بەبۆنەی سمیناری قامووسی کوردی، گۆڤاری نوسەری نوێ، لا (٦١) ژمارە(١٩).
- نیزامەدین، فازڵ (٢٠٠١) فەرهەنگی کوردی، گۆڤاری نوسەری نوێ، لا (٥٠)، ژمارە (١٩).


**فەرهەنگی ئەلیکترۆنیی:**


- ئەرشەک، یوسف (٢٠١٦) فەرهەنگی ئارارات، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App). فەرهەنگی زار، لەلایەن (Jiasaz Company)یەوە، لە ساڵی (٢٠٢٠)دانراوە، لە ساڵی(٢٠٢٣) نوێکراوەتەوە، بە زمانی (ئینگلیزی: کوردیی سۆرانییە)،
- ئینفۆتیک (٢٠١٦) فەرهەنگی ئینگلیزی: کوردی، بڵاوکراوە یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ئینفۆتیک (٢٠١٦) فەرهەنگی عەرەبی: کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ئیڤۆڵی ئەپ (٢٠١٣) فەرهەنگی کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ئاراتسۆفت (٢٠٢١) فەرهەنگی کوردی بۆ فارسی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ئاراس، دیاکۆ (٢٠٠٩) فەرهەنگی دیاکۆ، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ئایدەم، فاتح (٢٠١٢) فەرهەنگی WQFerheng، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- انور، شوان عبدالڕحمان – قەڵادزێی، شالاو (٢٠١٩) فەرهەنگی شالاو پزیشکی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- انور، شوان عبدالڕحمان (٢٠١٧) فەرهەنگی شوان ( ئینگلیزی بۆ کوردی) بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- انور، شوان عبدالڕحمان (٢٠١٦) فەرهەنگی شوان پزیشکی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- انور، شوان عبدالڕحمان (٢٠١٧) فەرهەنگی شوان (عەرەبی بۆ کوردی)، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- بتس تێچ، (٢٠١٧) فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- بۆلۆرین، خەسرۆ (٢٠١٥) فەرهەنگی ڤەژین کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- پەذینفۆ سۆڵیوشن (٢٠١٦) فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- پوور، هەژیر عبدالله (٢٠١٨) فەرهەنگی هەژیر، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- تاها، تەحسین عزیز (٢٠١٩) فەرهەنگی تەحسین، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ترانزڤێر ئینفۆتچ (٢٠١٦) فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).

- ڕێباز (٢٠١٦) فەرهەنگی کوردستان، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- سالّح، هەردی.ب (٢٠١٩) فەرهەنگی هەردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- سۆلیوشن، ڤانینفۆ (٢٠١٦) فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- علی، ڕێبین (٢٠١٨) فەرهەنگی ڕێبین، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- علی، زانیار – سەمەد، ڕەنج (٢٠١٩) فەرهەنگی زانستی کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ڤاڵیو، ثویب (٢٠١٥) فەرهەنگی کوردی(سۆرانی) بۆ ئینگلیزی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- کورد بۆکس (٢٠١٩) فەرهەنگی فێربوون، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- کوردی ئەپ دیڤ (٢٠١٣) فەرهەنگی کارزان، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- کوردی ئەپ دیڤ (٢٠١٥) فەرهەنگی فاست، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- کوردی ئەپ دیڤ ( ٢٠٢١) فەرهەنگی قەڵەم، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- کوردی ئەپ دیڤ (٢٠١٩) فەرهەنگی کارزان، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- کۆیی،ڕێباز و ئێت، سەعدوڵلا(٢٠١٦)فەرهەنگی ڕێباز، ڕوکار گرووپ، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- کۆمپانیای Jiasaz (٢٠٢٠)فەرهەنگی زار، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- گریتینگ، ڤێری (٢٠١٢) فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- مەجید، نەبەز (٢٠١٩) فەرهەنگی نەبەز پزیشکی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ئێفسکی، علی (٢٠١٦) فەرهەنگی کوردی: عەرەبی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟، (٢٠١٦) فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟، (٢٠١٥) فەرهەنگی تیشکی کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟، (٢٠١٥) فەرهەنگی کوردی _ بادینی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠١٦) فەرهەنگی کوردی-بادینی: عەرەبی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠١٧) فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠١٧) فەرهەنگەکانی کوردی: ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی،...تاد.، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠٢٠) فەرهەنگەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، بەنگلادشی،... تاد: کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠٢٠) فەرهەنگی کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠٢١) فەرهەنگی ئینگلیزی: کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠٢١) فەرهەنگی ئینگلیزی: کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠٢١) فەرهەنگی ئینگلزی: کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠٢١) فەرهەنگی کوردی: عەرەبی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠٢٢) فەرهەنگی کوردی بۆ ئینگلیزی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠٢٢) فەرهەنگی کوردی-سۆرانی بۆ ئینگلیزی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- .؟ (٢٠٢٢) فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردی، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).
- ؟ (٢٠٢٣) وەرگێرانی گۆگڵ، بڵاوکراوەی یەکەم، ئەپڵیکەیشن (App).

**عەرەبی: کتێب:**

- الخولی،محمد علی(١٩٨٦)معجم علم اللغة التطبیقی، مكتبة لبنان ،بيروت.
- الصراف، علی (د.) (٢٠٢٠) الأعمال المعجمية الالكترونية أحادية اللغة، مجلەعلیة دار العلوم، المجلة: ٣٧، العد (١٢٨).
- دقناتي، فضيلة(د.) (٢٠٢٢) واقع المعجم العربي الالكترونية، ملاحظات: "معجم الغني و معجم اللغة العربية المعاصرة"، مجلەالبحوث التربوية والتعليمية، مجلة:١١.
- قبايلي، آمال نزار _ عباس، أسماء _ عيشون، خيرة (٢٠١٨) المعاجم الالكترونية الموجهة للمتعلم في المرحلة الابتدائية، دراسة في المجلەالعربية مداد، العدد (٤).

**نامەی ئەکادیمی:**

- خيرة، عبدو (٢٠١٥) معمارية المعجم العربي الالكترونية، ماستر، جامعة عبدالحميد بن باديس_مستغانم.

**ئینگلیزی:**

**کتێب:**

- Halliday, M. A. K. Colin Yallop, (2007) Lexcology, Ashort Introduction, London Cromwell press.

**سایت:**

- https://en.m.wikipedia.org/wiki/Dictionary

**وصف المعجم الكتروني في اللغة الكوردية**

**إيمان أسكندر جوهر**

قسم اللغة الكوردية،كلية اللغات،جامعة صلاح الدين-أربيل

laku00819@student.su.edu.krd

**ميديا مراد محمدامين**

قسم اللغة الكوردية،كلية اللغات،جامعة صلاح الدين-أربيل

media.muhammadamin@su.edu.krd

**الملخص**

يعد المعجم مدونة و سجلا للكلمات والجمل اللغوية و وجود المعجم ضروري جدا لكل لغة من لغات العالم من أجل حفظ كلماتها وصونها من الانقراض والضياع. وهذا البحث محاولة جادة لتقديم معلومات عن المعاجم الإلكترونية الكوردية، ينقسم البحث إلى محورين رئيسين :

المحور الأول: مخصص لتقديم لمحة عن المعاجم بصورة عامة ويضم مجموعة موضوعات فرعية، تعريفاتها و عن تاريخها و كيفية إنشائها في العالم و في اللغة الكوردية ، وعن مؤلفي المعاجم ومؤسسيها الاوائل ، وأنواع المعاجم، بات مسلما به بداهة أنّ كل لغة لها أنواع عديدة من المعاجم، وفي جميع مجالات الحياة والتخصصات ، مثل معجم : (العام، الخاص، علم الاجتماع ، علم النفس ، اللغويات ، الأدب ، الطب ، إلخ...) وينقسم المعجم الى أنواع من حيث المظهر و المحتوى ومن ثم يتضمنوا عدة أنواع اخرى. و المحور الثاني: خُصّص للتركيز على المعاجم الإلكترونية و تحديداً على جميع المعاجم الإلكترونية المحتوية على اللغة الكوردية والمتاحة لجميع المستخدمين. استطعنا جمعهم الى نهاية ٢٠٢٣، و عرض ملخص لكل واحد منهم، بهدف بيان خصائص ومميزات المعجم الإلكتروني الكوردي.وينهي البحث مشواره باقتراحات و خاتمة مودع فيها أهم الاستنتاجات ،وعرض المصادر والمراجع.

**الكلمات المفتاحية:** علم المعجم، صناعة المعجم ، المعجم الورقي ، المعجم الإلكتروني ، مميزات المعجم الإلكتروني الكوردي.

**Description Electronic Dictionary in Kurdish Language**

**Iman Askandar Jawhar**

Department of Kurdish, College of Languages,
Salahaddin University-Erbil

laku00819@student.su.edu.krd

**Media Murad Muhammadamin**

Department of Kurdish, College of Languages,
Salahaddin University-Erbil

media.muhammadamin@su.edu.krd

**Abstract**

This research is an attempt to reveal information about dictionary, how dictionary first emerged in the world and among the Kurdish and who created the first dictionaries. Every language a dictionary in order to survive.

Every language has many types of dictionaries, dictionaries are created in all aspects of life, such as sociology, psychology, language, literature, etc., but the most important thing is that the types of dictionaries are in terms of content and appearance, which includes several types. Therefore, we refer to this type of electronic dictionary in terms of appearance, and content.

The study is divided into two parts: The first part is a theoretical overview of dictionary, which include concept and definition of dictionary. Moreover, information is provided in general about dictionary, the history of dictionary in the world and Kurdish, and dictionary writing and types of dictionaries. The second part is devoted to the analysis of the electronic dictionary, special emphasis is placed on all the electronic dictionaries that contain Kurdish language that are available for users. Data is provided about the dictionaries up to the end of 2023. Then the characteristics of Kurdish dictionary are presented. Finally, the suggestions and the results are presented in several points. Then the sources are listed.

**Keywords:** Lexicology, Lexicography, paper dictionary, electronic dictionary, features of Kurdish electronic dictionary.